# دواڕۆژ

۲۰۲٦/۹/۲٦ـ ٤ی ڕەزبەری ۱٤۰٥ هەتاوی، ساڵی دەیەم، ژمارەی ۱٥۱

dwaroj.net

دووهەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریدەکات




ژن، ژیان، ئازادی؛ کاتێک پرسی ژن دەبێتە پرسی دەسەڵات

چیمەن جەوانرودی ۳



هۆشیاریی نەتەوەیی لە تەونی گوتارە زاڵەکاندا

بێگەرد سووزەنی ۴



کورد و هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان؛ مێژووی پەیماننامەکانی دابەشکردنی کوردستان

ئارمان کورد ۸

## سەروتار

## شۆڕشی ژینا لە یادەوەرییەوە بەرەو ستراتێژیی ڕزگاری

**ئەسعەد درووودی کەمانگەر**

شۆڕشی ژینا وەچەرخانێکی مێژوویی و لەدایکبوونەوەی وشیاریی جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. ئەم شۆڕشە بە بەرزکردنەوەی دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی»، بنەماکانی دەسەڵاتی داگیرکەر و کۆنەپەرستی هەژاند و دەنگی مافخوازیی نەتەوەی کورد و سەرجەم چەوساوەکانی گەیاندە تەواوی جیهان. لەم شۆڕشەدا، خەباتکارانی ڕۆژهەڵات ئاسۆی ئایندەیەکی سەربەست، دادپەروەرانە و یەکسانیان نەخشاند.

بنەمای سەرەکیی شۆڕشی ژینا لەسەر گرێدانەوەی خەباتی ڕزگاریی نەتەوەیی و خەباتی کۆمەڵایەتی بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری، ئازادی و یەکسانیی جێندەری داڕێژراوە. لەم شۆڕشەدا کە تێدا ژنان وەک پێشەنگ هاتنە مەیدان، هاوشانی هەموو توێژە مافخوراوەکان سەلماندیان کە ئازادیی نەتەوەی کورد لە خەبات بۆ دادپەروەری و ئازادیی ژنان دانەبڕێت. هیچ کۆمەڵگەیەک ناتوانێت ڕێگەی گەیشتن بەرەو ڕزگاری بپێوێت تا ئەو کاتەی مافی ژیانی شیاو بۆ هەمووان مسۆگەر نەبێت و ژنان لە چەوسانەوەی جێندەری و ڕوانینی کۆنەپەرەستانە ڕزگاریان نەبێ. ئەم بزووتنەوەیە شۆڕشی هاوبەشی هەموو چین و توێژە مافخوراوەکان بوو، دژی هەموو بنەماکانی ستەمکاری کە لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا چڕبوونەتەوە. بەردەوامیی ئەم شۆڕشە لە ڕفتاری ڕادیکاڵ و وشیارانەی جەماوەردا ڕەنگ دەداتەوە. مانگرتنە گشتییەکان لە ساڵیادی شۆڕشدا،

ئاماژەیەکی ڕوونن بۆ ئەوەی کە ڕەگی ئەم شۆڕشە بە قووڵایی لە دڵی کۆمەڵگەدا ڕۆچووە. جەماوەری کوردستان بە هەڵوێستی بوێرانەی خۆیان بۆ مانگرتن کە سەرەڕای هەموو هەڕەشە و مەترسییەکان بەڕێوەیان برد، سەلماندیان کە هیچ چەکێک بەقەد هێزی یەکگرتووی نەتەوە کاریگەر نییە. لە بەرامبەردا، ئاستی ترسی ئاشکرای دەسەڵات لە «ژینا» سەمبولی ئەم شۆڕشە لە هەنگاوە مەیدانییەکانی وەک داخستنی ڕێگەکان و ڕێگرتن لە چوونی خەڵک بۆ سەرمەزارەکەی لە ساڵڕۆژی شۆڕشی ژینادا بە ڕوونی دەرکەوت. ڕژێمی داگیرکەر بە گرتن، ئەشکەنجە و سێدارە هەوڵی خنکاندنی ئەم دەنگە دەدات، بەڵام هاوبەشیی ئامانجەکان و دروستبوونی جیلێکی نوێ لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی، ئاسۆی سەرکەوتنیان ڕوونتر کردووەتەوە.

بۆ ئەوەی ئەم جووڵانەوەیە بەرەو سەرکەوتن هەنگاو بنێت، پێویستە لە دروشمدانی ڕووت تێپەڕین و ڕاستییە تاڵەکان ببینین، باری ئابووریی مانگرتنەکان لەسەر شانی کرێکاران، زەحمەتکێشان و کاسبکارانی بچووک زۆر قورسە، و ئەگەر ئاسۆیەکی ڕوونی سەرکەوتنیان پێنەدرێت، سەرکوت و گوشاری ئابووری مەترسیی ماندووبوونی جەماوەری لێدەکەوێتەوە. شۆڕش نابێت بێت لە چالاکیی ساڵانەی ڕیکلامی، ماتەمینی یان دروشمی بێکردار قەتیس بێ، شۆڕش پرۆسەیەکی بەردەوامە.

بۆ چەپی پێشکەوتنخوازی کوردستان و کۆمەڵە وەکوو حزبی ئەو ڕوانینە، هێزی ڕاستەقینەی شۆڕش لە ئیرادەی جەماوەردایە، بەڵام ئەم هێزە بێ ڕێکخستنی تۆکمە ناتوانێت ئامانجە **...بۆ ل ۲**

# پەیامی ڕەزا کەعبی سکرتێری گشتیی کۆمەڵە

# بەبۆنەی ساڵیادی شۆڕشی ژینا




ساڵیادی شۆڕشی «ژینا»، شۆڕشێک کە تێیدا خەباتکارانی ڕۆژهەڵات بە فیداکارییەکی کەموێنە ئاسۆی ئایندەیەکی سەربەست، دادپەروەرانە، یەکسان و ئازادیان بۆ کوردستان نەخشاند، بەرز و جێگەی شانازییە.

ئەم شۆڕشە درێژەی مێژوویەک تێکۆشان و لەدایکبوونەوەی وشیاریی جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، جولانەوەیەک کە بنەماکانی دەسەڵاتی داگیرکەری سست کرد و دەنگی «ژن، ژیان، ئازادی»ی گەیاندە جیهان.

شۆڕشی ژینا شۆڕشی هاوبەشی مافخوراوەکانی کوردستان بوو، بۆ گرێدانەوەی خەباتە مافخوازانەکان و هاوچارەنووسیی نەتەوەیی دژی سەرکوت و بێمافی. ئاستێکی نوێی لە خەباتی جەماوەری کە تێیدا بەشداریی هەموو چین و توێژەکان و دەرکەوتنی جیلێکی نوێی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کوردستان بە سیما و بانگەوازی ئەمڕۆیی بۆ خەبات مژدەی سەردەمێکی نوێی پێ بوو و ڕێگەی سەرکەوتنی نیشان دا.

لە شۆڕشی ژینادا، هەموو ئەوانەی دەسەڵاتی داگیرکەری، سەرمایەداری، دژە ژن و دژە ئازادیی کۆماری ئیسلامی مافی ژیانێکی شیاوی لێ زەوتکردوون، زیاتر لە جاران بەو ئاکامە گەیشتن کە یەکانگیرکردنی هێزی چەوساوەکان و مافخوراوەکان تاقە ڕێگەی سەرکەوتنە.

هاوبەشی مافخوراوەکانی کوردستان بوو، بۆ گرێدانەوەی خەباتە مافخوازانەکان و هاوچارەنووسیی نەتەوەیی دژی سەرکوت و بێمافی. ئاستێکی نوێی لە خەباتی جەماوەری کە تێیدا بەشداریی هەموو چین و

توێژەکان و دەرکەوتنی جیلێکی نوێی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کوردستان بە سیما و بانگەوازی ئەمڕۆیی بۆ خەبات مژدەی سەردەمێکی نوێی پێ بوو و ڕێگەی سەرکەوتنی نیشان دا. لە شۆڕشی ژینادا، هەموو ئەوانەی دەسەڵاتی داگیرکەری، سەرمایەداری، دژە ژن و دژە ئازادیی کۆماری ئیسلامی مافی ژیانێکی شیاوی لێ زەوتکردوون، زیاتر لە جاران بەو ئاکامە گەیشتن کە یەکانگیرکردنی هێزی چەوساوەکان و مافخوراوەکان تاقە ڕێگەی سەرکەوتنە ئەمڕۆ کە حکوومەتی داگیرکەری ئێران بە گرتن و سێدارە هەوڵی خنکاندنی ئەم دەنگە و ڕێگری لە بەردەوامیی ئەم شۆڕشە دەدات،

ئەرکی مێژوویی ئێمە ڕێکخستنی ئەم وزە شۆڕشگێڕانەیە و هەوڵ بۆ یەکگرتوویی بۆ گەیشتن بە کوردستانێکی دوور لە ستەم.

دروشم و ئامانجەکانی شۆڕشی ژینا زیندوون و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە قووڵاییی کۆمەڵگەدا زیاتر ڕەگ دادەکوتن.

سڵاو لە یادی ژینا، ڕەمزی شۆڕش،و هەموو گیانبەختکردووانی ڕێگای ڕزگاری و بەختەوەریی نەتەوەی کورد.

## دریژەی سەروتار

کۆتاییەکانی بپێکێت. ڕێکخستنی تواناکانی خەڵک لە ئاستی گەڕەک، کارگە، زانکۆ و شارەکاندا، تاکە ڕێگەیە بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ دەزگای سەرکوتی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ئێران و ڕۆشتن بەرەوە ڕزگاری و ئازادی.

لەم قۆناغە هەستیارەدا، ئەرکی مێژوویی حیزبە چەپ و داپەروەرەکانی کوردستان ئەوەیە کە لەبری دەستێوەردانی سەرەوە بۆ خوارەوە، ببەسترێنەوە بە جەماوەر و ببنە ئامرازی ڕێکخستنی ئەم وزە شۆڕشگێڕانەیە. بۆ گواستنەوەی ئەم هێزە

کۆمەڵایەتییە بەرەو سەرکەوتنی سیاسی، خەبات دەبێت لە ئاست و سەنگەری جۆراوجۆردا بەردەوام بێت لەوانە:

١. بەرنامەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی پێشڕەو: گۆڕینی دروشمە گشتییەکان بۆ داواکاریی کۆنکرێتی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕزگاریی جێندەری تا کرێکاران، زەحمەتکێشان و ژنان خۆیان بە خاوەنی ڕاستەقینە و خاوەن بەرژەوەندیی بزووتنەوەکە بزانن.

٢. دارشتنی ڕێکخستنی جەماوەریی بەردەوام: بەستنەوەی یادکردنەوەکان بە خەباتی ڕۆژانە لە ڕێگەی بەهێزکردنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە سەرانسەری کوردستاندا بۆ تێپەڕاندنی حاڵەتی کاردانەوە.


٣. بەرەی هاوبەش و ناوەندی دیپلۆماتیک: بەهێزکردن و بەرینکردنەوەی هاوپەیمانیی کوردستانی و دروستکردنی ناوەندێکی هاوبەشی سیاسی و دیپلۆماتیک بۆ ڕێکخستن و ڕاگەیاندنی دەنگی ڕاستەقینەی جەماوەر.

ئەرکی حیزبەکانە کە ئەم ستراتیژییە هەماهەنگە دارێژن بۆ یەکخستنی ڕیزەکانی خەبات، پشتگیری لە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەی کورد و چەسپاندنی بێپەردەی دادپەروەری و یەکسانیی تەواوی جێندەری لە تەواوی کار و ئەکتە سیاسیەکانیاندا.

شۆڕشی ژینا ڕێگەی سەرکەوتنی نیشانداوە و ئاڵوگۆڕی قووڵ و بەرینی هەم لە ئاستی ڕوانین و هەم لە بەرزکردنەوەی ورەی جەماوەریدا لە ناو کۆمەڵگەدا دروستکردووە، بەڵام ئەگەر ڕێگەکانی بەردەوامی و زیندووڕاگرتنی ئەو شۆڕشە نەدۆزینەوە و لە کردەوەدا بەردەوامیی پێنەدەین، مەترسیی لەدەستچوونی دەستکەوتەکان هەیە. دەسەڵاتی توتالیتێری ئیسلامی و کۆنەپەرەستانەی ناو کوردستانیش کە ئەم شۆڕشە و وانەکان و ئاڵوگۆڕەکانی بە مەترسی بۆ سەر خۆیان دەزانن، بەردەوام هەوڵی کوژاندنەوەی ئاگری شۆڕش و گەڕاندنەوەی کۆمەڵگە بۆ دواوە دەدەن. بۆیە بەردەوامیی خەبات، ڕێکخستنی جەماوەری و پاراستنی سەنگەرەکانی ئازادی، تاقە گەرەنتییە بۆ گەیشتن بە کوردستانێکی ئازاد، یەکسان و دوور لە هەر جۆرە ستەمێک.

گواستنەوەی شۆڕشی ژینا لە ئاستی یادەوەرییەوە بۆ ستراتیژێکی ڕوونی ڕزگاریی نەتەوەیی ئەرکی بنەڕەتیی ئەمڕۆیە، چونکە مێژوو بە جەماوەر دروست دەکرێت، بەڵام بە ڕێبەرییەکی شۆڕشگێڕانە و یەکسانیخواز دەگاتە ئامانجی کۆتایی.

# سۆنامیی ئابووری و دۆخی خەڵک



محەمەد حەکیمی

لە دوای شەڕی ئێران و عێراق، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆمەڵێک گەمارۆی بەسەر ئێراندا سەپاندووە و ئەو گەمارۆیانە و دەیان گەمارۆی دیکە تا ئێستاش بەردەوامن و کاریان پێ دەکرێت، بەڵام گەمارۆکانی ئەم دواییەی ئەمریکا لە دوای شەڕی ٣٩ ڕۆژە بە گشتی کاریگەریی لەسەر ئابووریی ئێران داناوە و بەهۆی سیاسەتی هەڵە و ماڵوێرانکەری ڕژێمی ئیسلامیی ئێرانەوە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت.

هاوسەنگیی بازرگانیی ئێران لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا تێکچووە و داواکاریش لەسەر شتومەکی ناوخۆیی تا دێت کەمتر دەبێتەوە. گەمارۆ ئابوورییەکان کاریگەرییەکی نەرێنیی زۆریان لەسەر ئابووریی ئێران دروست کردووە و داناوە و لە بەرەبەری دەستپێکی خوێندندا گەمارۆکان زیاتر خۆیان نیشان دەدەن؛ گرانبوونی چەندقاتی کەلوپەلی خوێندن، سەرپێچە، باجی قوتابخانەکان و جلوبەرگی منداڵان، گوشاری ئابووریی زیاتری خستووەتە سەر بنەماڵەکان و ئەوەش بووەتە هۆی نیگەرانی و وازهێنانی منداڵان لە خوێندن و بە سەدان هەزار منداڵ وازیان لە خوێندن هێناوە.

گەمارۆکان کاریگەرییان لەسەر ئابووریی ئێران داناوە و نرخەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز بوونەتەوە و هەر بەو هۆیەوە زۆربەی شتومەکە سەرەکییەکانی ژیانی خەڵک بە کەمی دەست دەکەوێت یا زۆر گرانە و خەڵک توانای کڕینی ئەو شتانەیان نییە.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار لەسەر هەموو شتەکان چەندقات زیاد بووە و لە بەرامبەردا مووچەی مووچەخۆرەکان هەر ئەو مووچەی جارانە یا زۆر کەم زیادی کردووە و لە بەرامبەر هەڵاوساندا هەر هیچ نییە؛ بۆ نموونە مووچەی کرێکارێک لە ئێران تەنیا بەشی ٨ ڕۆژی ژیانی بنەماڵەکەی دەکات.

ئەو دۆخە وای لێ هاتوو کە تەنانەت ڕۆژنامەی «شەرق»ی ڕژێم کە لە تاران چاپ و بڵاو دەبێتەوە، کە ڕۆژی یەکشەممە ٢٢ی خەرمانان بڵاو کراوەتەوە، لە لاپەڕەی یەکەمی خۆیدا بە تیتری گەورە نووسیویەتی؛ «ڕەزبەر بۆنی هەڵاوسان و هەژاریی لێوە دێت» و بنەماڵەکان بە سەختی دەتوانن بژیوی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان دابین بکەن. ئێستاش دەبێت لەگەڵ نرخی زۆر و زیادی کەلوپەلی خوێندن، لەگەڵ باجی قوتابخانە و جلوبەرگ دەست و پەنجە نەرم بکەن و زۆربەی بنەماڵەکان ناتوانن ئەو شتانە بۆ منداڵەکانیان دابین بکەن و ئەوەش دەبێتە هۆی وازهێنانی منداڵەکانیان؛

ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵان بە ڕێژەیەکی بەرچاو واز لە خوێندن بێنن و بە ناچاری ڕوو لە بازاڕەکانی کار بێنن. لە لایەکی دیکەوە ئەو منداڵانە بە گشتی لەناو بوارەکانی کاردا دەچەوسێنرێنەوە و لەناو شەقامەکاندا تووشی لێدان و ئەشکەنجە دەبن و تەنانەت زۆر جارانیش دەستدرێژی دەکرێتە سەریان. ئەگەر بە وردی سەیری کافە و خواردنگەکان بکەیت، دەبینیت منداڵانی ژێر ١٨ ساڵ بە تایبەتی کچان، لە پشتەوە خەریکی قاپ و کەوچک شوردن و ... هتد.

> **لە وڵاتێکدا کاتێك کە هەڵاوسان بە چرکەوە بەندە و چرکە بە چرکە نرخەکان دەچنە سەرەوە، بنەماڵە مامناوەندەکان ژیانیان وێران دەبێت و هەژار دەبن. ئەوەی ئێستا لە ئێراندا ڕووی داوە و دەدات، نەمانی چینی مامناوەندە و بەهۆی سیاسەتی ڕژێمەوە شتێك بە ناوی چینی مامناوەند بوونی نەماوە؛ خەڵك یا دەوڵەمەند بوون یا هەژار. بە واتەیەکی دیکە سۆنامیی هەڵاوسان لە ئێراندا ڕووی داوە. ڕێژەی هەڵاوسان کاریگەریی لەسەر هەموو شتەکان داناوە، بە تایبەتی دەرمان و دەوا کە لە سەدا ٣٠٠ زیادی کردووە و ئامێرەکانی فۆتۆگرافی و پشکنین و ئامێرە پزیشکییەکانیش لەو هەڵاوسانە بێبەری نین و خەڵك ئەگەر بیمەیان نەبێت زۆر کەم دەتوانن سەردانی نەخۆشخانەکان، تەنانەت حکومییەکانیش بکەن.**

لە وڵاتێکدا کاتێک کە هەڵاوسان بە چرکەوە بەندە و چرکە بە چرکە نرخەکان دەچنە سەرەوە، بنەماڵە مامناوەندەکان ژیانیان وێران دەبێت و هەژار دەبن. ئەوەی ئێستا لە ئێراندا ڕووی داوە و دەدات، نەمانی چینی مامناوەندە و بەهۆی سیاسەتی ڕژێمەوە شتێک بە ناوی چینی مامناوەند بوونی نەماوە؛ خەڵک یا دەوڵەمەند بوون یا هەژار. بە واتەیەکی دیکە سۆنامیی هەڵاوسان لە ئێراندا ڕووی داوە.

ڕێژەی هەڵاوسان کاریگەریی لەسەر هەموو شتەکان داناوە، بە تایبەتی دەرمان و دەوا کە لە سەدا ٣٠٠ زیادی کردووە و ئامێرەکانی فۆتۆگرافی و پشکنین و ئامێرە پزیشکییەکانیش لەو هەڵاوسانە بێبەری نین و خەڵک ئەگەر بیمەیان نەبێت زۆر کەم دەتوانن سەردانی نەخۆشخانەکان، تەنانەت حکومییەکانیش بکەن.

هەڵاوسان کاریگەریی لەسەر هەموو شتێک داناوە، بە تایبەتی شتومەکی خواردن وەک ڕۆن، برنج و ... هتد. هەموو ئەوانە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و بە وتەی پسپۆڕان هەڵاوسان زیاتر لە ٢٠٠ تا ٣٠٠ لە ئێراندا زیادی کردووە.

بەپێی ئامارە ناوخۆییەکان و بەهۆی دۆخی ئەمڕۆی ئێران و سیاسەتی هەڵەی ڕژێمی ئیسلامیی ئێران، شەڕ و گەمارۆکان، زیاتر لە یەک ملیۆن منداڵ تەنیا ئەمساڵ وازیان لە خوێندن هێناوە.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە مانگەکانی ڕابردوودا بەهۆی سیاسەتی شەڕئەنگێزیی ڕژێمی ئیسلامی و پشتگیریی ئەو وڵاتە لە هێزە توندئاژۆکان و هەروەها گەمارۆی گشتیی گەرووی هورمز لە ناوچەکەدا، وڵاتە زلهێزەکان بە تایبەتی ئەمریکا، گەمارۆکانی سەر ئێرانیان چەندقات زیاد کردووە. دابەزینی نرخی تمەن لە بەرامبەر دۆلاردا و گرانبوونی نرخی کەلوپەلەکانی خواردن و دەوا و دەرمان و ... هتد وای کردووە ئاستی کڕینی خەڵک بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزێت و بە وتەی پسپۆڕان زیاتر لە ٢٠ ملیۆن کەس لە ئێراندا لە ڕۆژێکدا تەنیا یەک ژەم دەتوانن پڕ بە سکی خۆیان نان بخۆن و دوو ژەمەکەی دیکە یا هیچیان نییە یا شتێکی ئەوتۆیان نییە بۆ خواردن. ئەو دۆخە وای کردووە زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئێران تووشی کەمبوونی ڤیتامین ببن، بە تایبەتی ڤیتامینی «C» و «D».

لە کۆتاییدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە دۆخی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی ئێران دەرئەنجامی شێوازی کاری دەسەڵاتە لەو وڵاتەدا؛ ڕژێمی ئیسلامی بەهۆی بڵاوکردنەوەی کردەوەی تیرۆریستی و پشتگیری لە گرووپە توندئاژۆکانی وەک حەماس، حزبوڵڵا، حۆسییەکان و حەشدی شەعبی لە عێراقدا. کۆمەڵگە و بنەماڵەی ئێران خەریکە بە گشتی لەناو دەچێت و شیرازەی بنەماڵە بە گشتی خەریکە لەبەر یەک هەڵدەوەشێتەوە. ڕێژەی ئەو کەسانەی کەڵک لە ماددە سڕکەرەکان وەردەگرن زۆر زیادی کردووە و تەمەنی کێشانیش تا دێت دادەبەزێت و ئێستا کچان و کوڕانی ژێر ١٢ ساڵ ماددە سڕکەرەکان دەکێشن و لەو حاڵەشدا ڕژێم هەموو ئێرانی میلیتاریزە کردووە و هر ڕۆژە بە شێوەیەک یەخەی خەڵک دەگرێت؛ ڕۆژێک بەنزین گران دەکات کە کاریگەری لەسەر هەموو شتێک دادەنێت.

# ژن، ژیان، ئازادی؛ کاتێک پرسی ژن دەبێتە پرسی دەسەڵات





چیمەن جەوانڕوودی

**جیاوازییە سەرەکییەکە لەوەدایە کە «ژن، ژیان، ئازادی» ئەزموونی جیاوازیی ژنانی لە چوارچێوەیەکی یەکگرتووی فکریدا کۆکردەوە. جەستە و ئازادیی تاکەکەسی، خوێندن، کار، ئابووری، یاسا، خێزان و بەشداریی سیاسی، هەموویان بوون بە بەشێك لە هەمان پرسیار: ژن چۆن دەتوانێت خۆی خاوەنی ژیانی خۆی بێت؟**

**لەناو ئەم دروشمەدا، «ژن» تەنیا بابەتی پاراستن یان یارمەتیدان نییە؛ بەڵکوو سوبژێکتی گۆڕانە. ئەمە گۆڕانێکی گرنگە لە ڕوانگەی سیاسییەوە. ژن لە شوێنی ئەو کەسەی کە دەبێت بۆی بڕیار بدرێت، دەگوازرێتەوە بۆ شوێنی ئەو کەسەی کە خۆی بڕیار دەدات. بەم مانایە، بەشداریی ژنان تەنیا بە بوونیان لە شەقام یان ڕێکخراوێکدا کۆتایی نایەت؛ پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ژنان لە ناوەندی بڕیار و دەسەڵاتیشدا خاوەنی دەنگ و ئیرادەی سیاسیی خۆیانن؟**

**وشەی «ژیان» ئەم پرسیارە قووڵتر دەکاتەوە؛ چونکە ئازادیی ژن تەنها بوونی دەقێکی یاسایی نییە. ئەگەر ژن لە یاسادا مافێکی هەبێت، بەڵام لە خێزان، کۆمەڵگە، شوێنی کار یان سیستەمی سیاسییەوە کۆنترۆڵ بکرێت، ئەوا ئازادییەکەی تەواو نییە. «ژیان» لێرەدا مانای کەرامەت، ئەمنییەت، هەڵبژاردن، دەرفەت و توانای دیاریکردنی شێوازی ژیانە.**

ژن، ژیان، ئازادی تەنیا دروشمێک نەبوو؛ خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی خەباتی ژناندا، چونکە پرسی ژنی لە سنووری داواکارییە یاسایی و تاکەکەسییەکان دەرهێنا و کردی بە پرسیارێکی گشتیی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کلتووری. ئەم دروشمە، بە تایبەتی لە بزووتنەوەی ژینادا، توانای ئەوەی نیشان دا کە پرسی ژن تەنیا بەوە پەیوەندیدار نییە کە ژن چ مافێکی یاسایی هەیە؛ بەڵکوو بەوەش پەیوەندیدارە کە کێ بڕیار لەسەر ژیانی ژن دەدات و کێ دەسەڵاتی بەسەر جەستە، هەڵبژاردن و داهاتووی ئەودا هەیە.

بێگومان، خەباتی ژنان پێش بزووتنەوەی ژینا دەستی پێکردووە. ژنان ساڵانێکی زۆر لەناو خێزان، زانکۆ، شوێنی کار، ڕێکخراوە مەدەنییەکان، بوارە هونەری و ئەدەبییەکان و شەقامدا دژی نایەکسانی و پیاوسالاری خەباتیان کردووە. زۆرێک لەو داواکارییانەی کە دواتر لە چوارچێوەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا دەنگی گشتییان دۆزییەوە، پێشتر لە ژیانی ڕۆژانەی ژناندا بوونیان هەبوو. بۆیە نابێت ئەم دروشمە وەک دەستپێکی خەباتی ژنان بخوێنینەوە؛ بەڵکوو دەبێت وەک خاڵێکی کۆکردنەوە و سیاسیکردنی ئەو ئەزموون و خەباتانەی پێش خۆی سەیری بکەین.

جیاوازییە سەرەکییەکە لەوەدایە کە «ژن، ژیان، ئازادی» ئەزموونی جیاوازیی ژنانی لە چوارچێوەیەکی یەکگرتووی فکریدا کۆکردەوە. جەستە و ئازادیی تاکەکەسی، خوێندن، کار، ئابووری، یاسا، خێزان و بەشداریی سیاسی، هەموویان بوون بە بەشێک لە هەمان پرسیار: ژن چۆن دەتوانێت خۆی خاوەنی ژیانی خۆی بێت؟

لەناو ئەم دروشمەدا، «ژن» تەنیا بابەتی پاراستن یان یارمەتیدان نییە؛ بەڵکوو سوبژێکتی گۆڕانە. ئەمە گۆڕانێکی گرنگە لە ڕوانگەی سیاسییەوە. ژن لە شوێنی ئەو کەسەی کە دەبێت بۆی بڕیار بدرێت، دەگوازرێتەوە بۆ شوێنی ئەو کەسەی کە خۆی بڕیار دەدات. بەم مانایە، بەشداریی ژنان تەنیا بە بوونیان لە شەقام یان ڕێکخراوێکدا کۆتایی نایەت؛ پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ژنان لە ناوەندی بڕیار و دەسەڵاتیشدا خاوەنی دەنگ و ئیرادەی سیاسیی خۆیانن؟

وشەی «ژیان» ئەم پرسیارە قووڵتر دەکاتەوە؛ چونکە ئازادیی ژن تەنها بوونی دەقێکی یاسایی نییە. ئەگەر ژن لە یاسادا مافێکی هەبێت، بەڵام لە خێزان، کۆمەڵگە، شوێنی کار یان سیستەمی سیاسییەوە کۆنترۆڵ بکرێت، ئەوا ئازادییەکەی تەواو نییە. «ژیان» لێرەدا مانای کەرامەت، ئەمنییەت، هەڵبژاردن، دەرفەت و توانای دیاریکردنی شێوازی ژیانە.

«ئازادی»ش پرسی ژن دەباتە ناوەندی سیاسەت. پرسیارەکە تەنها ئەوە نییە کە «ژن چ مافێکی هەیە؟»، بەڵکوو دەبێتە: کێ دەسەڵاتی بەسەر ژن و ژیانی ژنەوە هەیە؟ ئەمە پرسیارێکی بنەڕەتییە، چونکە پیاوسالاری تەنیا لە یاسادا یان لە دەسەڵاتی حوکمڕانیدا بەرهەم نایەت؛ لە نەریت، خێزان، کلتوور، ئابووری و تەنانەت لە هەندێک ڕێکخراو و ساختاری سیاسی و حزبییشدا دەتوانێت خۆی دووبارە بەرهەم بهێنێتەوە.

لە کوردستانیش ئەم گۆڕانەی ڕوانگە گرنگیی تایبەتی هەیە. ژنان لە مێژووی خەباتی کورددا تەنیا بەشداربووی لاوەکی نەبوون؛ لە خەباتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و مەیدانیی ڕۆڵی جۆراوجۆریان گێڕاوە. بەڵام پرسیاری ئەمڕۆ تەنها ئەوە نییە کە ژنان چەند بەشدارن، بەڵکوو ئەوەیە چەند خاوەنی بیر، ستراتیژی، بڕیار و دەسەڵاتی سیاسیی خۆیانن؟ ئەمە ئەو جیاوازییەی نێوان «بەشداری» و «دەسەڵات»ە کە پێویستی بە گفتوگۆیەکی قووڵتر لەسەر داهاتووی ژنان هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا، نابێت کاریگەریی «ژن، ژیان، ئازادی» بە شێوەیەکی ڕۆمانتیکی و تەواوگشتی بخوێنینەوە. گۆڕینی ڕوانگەی کۆمەڵگە پرۆسەیەکی درێژخایەنە. پیاوسالاری، نایەکسانیی یاسایی، فشارە کۆمەڵایەتییەکان، توندوتیژیی جێندەری و سنووردارکردنی دەرفەتی ژنان بۆ بەشداری لە ناوەندی بڕیاردا هێشتا بەردەوامن. لەبەر ئەوە، سەرکەوتنی ڕاستەقینەی ئەم دروشمە تەنیا بەوە ناپێورێت کە چەند کەس ئەو دروشمەیان دووبارە کردووەتەوە؛ بەڵکوو بەوە دەسەنگێنرێت کە تا چەند توانراوە پەیوەندییەکانی دەسەڵات بگۆڕدرێن.

لە کۆتاییدا، گرنگترین میراسی «ژن، ژیان، ئازادی» ئەوەیە کە شێوازی باسکردنی پرسی ژنی گۆڕی. پرسی ژن لە داواکارییەکی تایبەت بۆ مافەکانی ژنانەوە گەیشتە پرسیارێکی گشتی دەربارەی دەسەڵات، ئازادی، دادپەروەری و داهاتووی کۆمەڵگە. بەم مانایە، «ژن، ژیان، ئازادی» تەنیا بانگەوازێک بۆ ژنان نییە؛ بانگەوازێکە بۆ گۆڕینی ئەو سیستەمەی کە ژن لە ژیانی خۆیدا دەکاتە بابەتی بڕیاری کەسانی تر. ئەگەر ژن سوبژێکتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گۆڕان بێت، ئەوا ئازادیی ژن تەنها بە دەستەبەرکردنی مافەکان کۆتایی نایەت؛ بە گۆڕینی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و بە دانانی ژن لە ناوەندی بڕیار و دروستکردنی داهاتووەکەی خۆیدا تەواو دەبێت.



بێگەرد سووزەنی

# هۆشیاریی نەتەوەیی لە تەونی گوتارە زاڵەکاندا



لە سەردەمێکدا دەژین کە شەڕەکان لە سنوورەکانی جوغرافیاوە کۆچیان کردووەتە نێو کایەی زمانیی و نیشانەناسی. لەم گەمەیەدا، گوتارەکان دەستەواژەیەکی ڕووت نین، ئەوان پێکهاتوون لە هێزگەلێکی شاراوە بۆ داتاشینی شوناس یان بەرەو پەراوێزخستنی نەتەوەکان. لەم سۆنگەیەوە، پرسیارکردن سەبارەت بە چەمکی هۆشیاریی نەتەوەیی و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ گوتاری زاڵی ڕۆژدا، دەبێتە پێویستییەکی نەگۆڕ کە بەرپرسیارێتییەکەی لەسەر دوو پێگەی سەرەکی دەوەستێت: لە لایەکەوە، بژاردەی ڕۆشنبیران و نووسەران، وەک ڕینوێنیکاری چەمکەکان و ڕەخنەگرانی واقیع، ئەرکی ڕزگارکردنی زمان لە داوی ڕووالەتگەراییان لەسەر شانە. لە لایەکی تریشەوە، ناوەندی خێزان و قوتابخانە وەک خاڵی دەستپێکی ئەم هۆشیارییە لە مێشکی نەوەی نوێدا کار دەکەن؛ چونکە زمان وەکوو کەرەستەی بەرهەمهێنانی مانا و فیکر، یەکەمین تۆوی شوناس دەچێنێت.

کۆمەڵگەکان زۆرجار بەرانبەر بەو گوتارە فیکری و کولتوورییانەی لە جیهانی دەرەوە دێن و دەبنە هەژموونییەکی زاڵ، تووشی دوو کاردانەوەی جەمسەرگیر دەبن؛ تەسلیمبوونی ڕەها یان ڕەتکردنەوەی کوێرانە. لێرەدا ڕێگای عەقڵانی، گرتنەبەری شیکردنەوەی ڕەخنەییە. ئێمە ناتوانین دەرگا بە ڕووی جیهاندا دابخەین، بەڵام پێویستە هەر گوتارێکی هەناردە بە پاڵێوکەی ڕێسا و هزری نەتەوەیی خۆماندا تێپەڕێنین و بپرسین: ئایا ئەم گوتارە نێردراوە متمانەمان پێ دەبەخشێت، یان بەرەو پاشکۆیەکی بێدەنگ دەمانگۆڕێت؟ لێرەوە

بە پێی ڕچاوکردنی بەرژەوەندی نەتەوەیی، جیاوازیی نێوان گوتاری زاڵی هەڵە و دروست دەردەکەوێت. گوتاری هەڵە کار لەسەر چاندنی ورەی بێهیوایی، خۆکەمبینی و کاڵکردنەوەی بەهای مێژوو دەکات و چەمکە هاوردەکانی بە شێنەیی لە ناخی ئێمەدا سەقامگیر دەکات. لە کاتێکدا گوتاری هەناردەی دروست و بنیاتنەر، هاوسەنگی لە نێوان هاوچەرخبوون و پاراستنی ڕەسەنایەتیدا دروست دەکات و متمانە بەخۆبوون دەبەخشێتەوە بە تاکی کۆمەڵگە.

لە سەردەمی فرەڕەهەندیدا کە زمان گرنگترین مژارە، زمان تەنیا ئامرازی گەیاندنی پەیام نییە و

لەگەڵ خۆی کۆمەڵێک کەلتوور و وردەکەلتوور و بەهای نەگونجاو دەهێنێت. لێرەوە دەکرێت لە یەک کاتدا، لە چەندین ڕوانگەی جیاوازی زمانەوانی , کۆمەڵناسی و فیکرییەوە سەیری دۆخی نەتەوەیەک بکرێ و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. زمانەوانیی هاوچەرخ ئەو ڕاستییەمان بیر دەخاتەوە کە هەر نەتەوەیەک بەڕێوەبەری و کۆنترۆڵی زمان و چەمکەکانی خۆی لەدەست بدات، بێگومان کۆنترۆڵی داهاتووی خۆیشی لەدەست دەدات. بۆیە پاراستنی زمان و پەرەپێدانی، گەورەترین چەک و هەر لەو حاڵەشدا قەڵایە بۆ ڕاوەستان لە بەرانبەر هەر گوتارێکی زاڵ کە بیەوێت چەواشەی مێژوومان بکات و هەبوونمان بێدەنگ بکات.

ئەگەر بمانەوێت ئەم باسە لە ئاستی تیۆرییەوە بێنینە ناو ژیانی ڕۆژانە، نموونەکان زۆرن؛ بە تایبەتی لەو شوێنەی کە زمان و شوناس دەکەونە بەر هێرشی گوتارە زاڵەکان. جگە لەو مەترسییەی کە لە بەشی یەکدا سەبارەت بەوەی کە زمانێکی دەسەڵاتدار بەسەر زمانێکی ترەوە زاڵ دەبێت، مەترسی زۆرتر و گرینگتر ئەویە کە ئەو زاڵبوونە بە ئارامی ببێتە سەرباشقەی بیر و باوەڕی ناوخۆییی خودی ئەو کۆمەڵگەیەی کە زمانەکەی پەراوێز خراوە.

بۆ نموونە، دەتوانین ئاماژە بەو دایک و باوکانە بکەین کە لەگەڵ منداڵەکانیان بە فارسی قسە دەکەن، بەو هیوایەی کاتێک منداڵەکەیان گەورە دەبێت و دەچێتە ناو کۆمەڵگا و زانکۆ و... لە زاراوە و شێوازی قسەکردنەکەیدا دیار نەبێت کە کوردە (دیارە لێرەدا باسی ئەوە ناکەین کە بۆ دەبێ کورد بوونی بشاردرێتەوە). بێگومان فێربوونی هەر زمانێکیتر جگە لە زمانی دایک، دەتوانێت هەلێک بێت بۆ ئەزموونی ناسینی کەلتوورێکی دیکە؛ بەڵام نەک بەو مەرجەی ببێتە ئامانج بۆ شاردنەوەی شوناس و نەتەوەی خۆت. لێرەدا ناتوانین تەنیا وەک هەڵبژاردنی زمان بۆ تاک سەیری بابەتەکە بکەین؛ چونکە ئەمە دەتوانێت نموونەیەک بێت لەو گوتارە زاڵە هەڵەیەی کە بە شێوەیەکی نەرم و ڕۆژانە دەچێتە ناو ژیانی خێزانەوە.

هەمان شت لە بابەتی ناوی منداڵدا دەبینین. هەندێک جار دایک و باوک لەبەر هەڵبژاردنی ناوێکی کوردی بۆ منداڵەکەیان لۆمە دەکرێن، یان پێیان دەگوترێت کە ناوەکە لە داهاتوودا دەبێتە هۆی زیان یان گاڵتە پێکردن بە منداڵەکەیان، بە تایبەتی لە قوتابخانە و زانکۆ، چونکە کەسانی فارس، تورک یان عەرەب بە ئاسانی ناتوانن بێژەی

بکەن. لێرەدا پرسیارگەلێک دێتە ئاراوە: بۆ ناوی منداڵی کورد پێویستە بە زمانی بێگانە ڕەوانتر بەسەر زاریاندا بێت؟ بۆچی ناوی کوردی دەبێتە شتێک کە پێویستە لێی بترسین؟ بۆ دەبێ ناوی بۆ نموونە کانی، شەوین، بەیان لە عەبدولموتەلیب و عەبدولغەففار و ئازەرنووش و سپێهرداد دژوار تر بێ!

هەروەها، کاتێک پرسیار دەکرێت: «بۆچی لەگەڵ منداڵەکەت فارسی قسە دەکەیت؟» ناتوانین هەمیشە وەک پرسیارێکی سادە چاوی لێ بکەین؛ کاتێک دەبینین لە ژێر ئەم گوتارەدا کۆمەڵێک باوەڕی هەڵە کۆدەبێتەوە، وەک ئەوەی زمانی کوردی بۆ داهاتووی منداڵ سوودی کەمتر هەیە، یان فارسی دەتوانێت دەرگای سەرکەوتن زیاتر بکاتەوە. بەو بۆنەوە لێرەدا ئیتر بابەتەکە لە ئاستی هەڵبژاردنی تاکەکەسییەوە دەگوازرێتەوە بۆ گوتارێکی تایبەت.

هەڵبەت ئەم گوتارە زاڵانە تایبەت بە ناو و زمان نییە. کاتێک بەردەوام بە نەوەی نوێ دەگوترێت کە بۆ خوێندن، کار، زانکۆ و سەرکەوتن پێویستە لە زمانی خۆی دووربکەوێتەوە، ئەوا بە ئارامی زمان لە کەرەستەی شوناسەوە دەگۆڕێت بۆ هێمای داڕمان. ئەمە لە بنەڕەتدا گۆڕینی پێوەری بەهاکانە.


لە هەمان کاتدا، هەوڵی نووسەران، خوێندکاران و دامەزراوە ئەکادیمییەکان بۆ فێربوون و بەکارهێنانی زمانی کوردی نیشان دەدەن کە ئەم پەیوەندییە هێشتا نەبڕاوە؛ بەڵام ئەم هەوڵانە کاتێک کاریگەریی درێژخایەنیان دەبێ کە زمان لە ئاستی هەوڵی کەمینەوە بگوازرێتەوە بۆ بەشێکی سروشتیی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگە.

لەبەر ئەمە، نابێت هەموو کێشەکە بخەینە سەر شانی دایک و باوک. ئەو دایوبابەی بۆ منداڵەکەی زمانی دەسەڵات هەڵدەبژێرێت، لەوانەیە خۆی کاریگەریی لەو سیستەمە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە وەرگرتبێت کە ساڵانێکە پێی دەڵێت: ئەگەر دەتەوێت پێش بکەویت، دەبێت زمان و نیشانەکانی خۆت پەراوێز بخەیت. لەوێدا ڕەخنەی ڕاستەقینە دەبێت ئاراستەی ئەو گوتارە بێت، چونکە تاک زۆرجار بەرهەمی ئەو ژینگەیەیە کە تێیدا پەروەردە بووە.

لە کۆتاییدا، پێویستە جیاوازییەکی ڕوونمان هەبێ لەنێوان فێربوونی زمانێکی تر و لەدەستدانی زمانی خۆمان. کوردبوون بە مانای داخستنی دەرگا بەڕووی زمانەکانی تر نییە و واتای ئەوەیە کە فێربوونی هەر زمانێک، بە نرخی لەدەستدانی زمانی دایکمان نەبێت. ئەگەر گوتاری زاڵ بتوانێت وای لێمان بکات کە زمانی خۆمان بە کەمتر ببینین، ناوی خۆمان بە شەرمەوە بڵێین و پێویستی سەرکەوتن بە دوورکەوتنەوە لە شوناسی خۆمان ببینین، ئەوا ئەو گوتارە تەنها لە دەرەوە بەسەرماندا زاڵ نییە و ڕۆ چووتە ناو بیرکردنەوەمانەوە. و لەوانەیە ئەمە مەترسیدارترین قۆناغی زاڵبوونی گوتارێک بێت: ئەو کاتەی کە چیتر پێویستی بەوە ناکات کەسێکی تر بیسەپێنێت؛ چونکە ئێمە خۆمان دەست بە دووبارەکردنەوە و وەبەرهەمهێناوەی ئەو گوتارە دەکەین.

# شەڕ و ئاشتی





ژیلا ئەحمەدی

لە نێوان ئەو دوو وشەیەدا زۆر قسە و باس هەیە؛ مانای وشەی شەڕ چییە؟ شەڕ واتە تێکهەڵچوونی توندی چەکداری لە نێوان دەوڵەتەکان، حکومەتەکان یان کۆمەڵگە و گرووپە جیاوازەکاندا لەگەڵ دەسەڵاتەکان، وەک شۆڕشگێڕان و هێزە نیمچەنیزامییەکان.

لەوێدا کە شەڕ جۆرێک لە تێکهەڵچوونی توندی چەکداریی واقیعی، ئیرادی و گشتییە لە نێوان کۆمەڵگە سیاسییەکاندا، دەتوانین بڵێین شێوازێکە لە توندوتیژیی سیاسی. هەر کاتێک شەڕ بەردەوام نەبێت، ئاشتی و ئارامی جێگیر دەبێت. وشەی شەڕ لە ڕەگی زمانە هیندۆئەورووپییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە بە مانای (جووڵانەوە و پێشڕەوی). لە نزیکەی پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستاوە چالاکیی ذ×امی لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا ڕووی داوە و بە هاتنی باروت و پرۆسەی پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیا، شێوازی شەڕەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووەتە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی نوێ.

بەپێی بنەمای سەرچاوەیەک، لە نێوان ساڵانی ٣٥٠٠ی پێش زایین تاوەکوو سەدەی ٢٠ی زایینی، ١٤٥٠٠ شەڕ و تێکهەڵچوون ڕوویان داوە و تاوەکوو ئێستا ٣ ملیار و نیو مرۆڤ بەهۆی شەڕەوە گیانیان لەدەست داوە؛ بەم پێیە ئینسان لە تەواوی مێژوودا تەنیا ٣٠٠ ساڵ لە ئاشتی و سازاندا بەسەری بردووە. بەپێی لێکۆڵینەوەکان، پێش دروستبوونی شارستانییەت، شەڕ و کشتار لە نێوان عەشیرەت و تیرەکاندا زۆر بووە، بەڵام ئێستاش هەر شەڕ بەردەوامە و بە شێوازێکی تر بەڕێوە دەچێت. دێرینەناسەکان لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا کە پەیوەندیی بە ١٢٠٠ ساڵ پێشترەوە هەیە، تەرمی ٥٠٠ ژن، پیاو و منداڵیان دۆزیوەتەوە کە هەموویان کەوڵ کراون و گوێ و لووتیان برابوو و پێستی سەریان داڕنراوبوو، کە لە شەڕدا بە توندوتیژی کوژراون.

تەنیا لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا و لە کۆتایی سەدەی ١٨ی زایینیدا، زیاتر لە ١٥٠ تێکهەڵچوون و ٦٠٠ شەڕ و پێکدادان ڕوویان داوە. لە ڕوانگەی سیاسییەوە کارل فۆن کلاوزەڤیتس، تیۆریستکاری ئالمانی، دەڵێت: «شەڕ درێژەی سیاسەتە بە کەرەستەی تر»؛ کاتێک مێزی گفتوگۆ و دیپلۆماسی بە ئامانج نەگات، دەوڵەتەکان لە هێزی ذ×امی کەڵک وەردەگرن. لە ڕوانگەی یاساییەوە، شەڕ واتە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لە نێوان دوو دەوڵەت یان چەند گرووپی ڕێکخراودا، و لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە شەڕ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە بەرهەمی پێکهاتەی ئابووری، فەرهەنگی و مێژووییە.

بە وتەی مارکس و ئەنگلس: «پێویستی بە بازاڕێکی بەردەوامی پەرەسەندوو بۆ فرۆشتی کەلوپەلەکانی خۆی، بورژوازی دەکێشێتە هەموو جێگەیەکی گۆی زەوی؛ دەبێت بە هەموو شوێنێکدا دزە بکات، لە هەموو جێگەیەک نیشتەجێ بێت، تاوەکوو لەگەڵ هەموو شوێنەکاندا پەیوەندی بکات. بورژوازی لە ڕێگەی چەوساندنەوە لە بازاڕی جیهانیدا بە بەرهەمهێنان و بەکارهێنان هەموو وڵاتەکان لایەنی جیهانیی نیشتمانیی پێ دەدات و سەرەڕای ئاهـ و خەمی کۆنەپەرستان، پیشەسازییەکان لە چوارچێوەی نەتەوەییدا دەهێنێتە دەرەوە. لقی پێشەسازییە کۆنە نەتەوەییەکان لەناو چووە و هەموو ڕۆژێکیش زۆرتر لەناو دەچێت و بە جێگەی ئەوە لقی پێشەسازییە نوێیەکان کە بۆ شارستانییەت هەرە پێویستە پەرە دەگرێت. ئەو لقانەی پێشەسازی کە کەرەستەی خاویان لەناو وڵاتەکەدا نییە، بەڵکوو لە شوێنی تر لە گۆی زەویدا دابین دەکرێت، و بەرهەمی ئەو لقانەی پێشەسازی لە هەموو جیهاندا بەکاردێت. بەجێگەی ئەو پێویستییانەی کە پێشتر بە پێشەسازییە ناوچەیی و نەتەوەییەکان جێبەجێ دەکرا، ئەمڕۆ ئەو پێداویستییانە لە بەرهەمی وڵاتانی دوورەوە بەدەست دێت و جێگەی بەرهەمی ناوچەیی و نەتەوەیی، بەرهەمی وڵاتانی دیکە لە پەیوەندیی هاتووچۆدا بەکاردێت و پێکبەستراوەیی هەمولایەنەی نەتەوەکان لەگەڵ یەکتردا پێک دەهێنێت... نرخی هەرزانی کاڵاکانی بورژوازی هەر هەمان توپخانەی قورسەیە کە دەتوانێت دیوارەکانی چین بڕوخێنێت، لاسارترین ڕەقی بەربەرەکان و وەحشییەکان بەرامبەر بە غەریبەکان ناچار بە ڕادەستکردن بکات، و نەتەوەکان مەجبوور بکات کە ئەگەر دەیانهەوێت لەناو نەچن، شێوازی بەرهەمهێنانی بورژوازی قبووڵ بکەن و ئەو شتەی کە بە ناوی شارستانییەتەوەیە لە نێوان خۆیاندا پەرەی پێ بدەن و خۆشیان ببن بە بورژوازی و جیهانێکی هاوشێوە و هاوشێوەی خۆیان دروست بکەن. بورژوازی دێهاتی ژێردەستی سەرووەریی شار کرد، شارە گەورەکان دروست بوون و جەماوەری شار بەرامبەر بە دێهاتەکان گەشەی کرد و بەشێکی گەورە لە ژیانی گوند و دێهاتەکان ڕزگاریان بوو، و هەروەها وڵاتە بەربەرەکان و نیمچەبەربەرەکانی کرد بە ژێردەستەی وڵاتە پێشکەوتووەکان و وڵاتە جووتیارییەکانی پێکبەستراوی نەتەوە بورژواکان کرد و ڕۆژهەڵاتی پێکبەستراوی ڕۆژئاوا کرد.»

ئەوەی لە سەردەمی نوێدا دەیبینین ئەوەیە کە جیهان بووە بە دوو بەشی بەرهەمهێنان و بەکارهێنان. پێداویستییە سەرەکییەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکان لە وڵاتانی بەکارهێنەرەوە دابین دەکرێت؛ بە شێوەیەک کە کەرەستەی خاو لە وڵاتانی هەژار دەکڕدرێت و دوای دروستکردنی کاڵاکان، هەمان بەرهەم بە گرانتر بەم وڵاتانە دەفرۆشرێتەوە. ئەم سیستەمە دەبێتە هۆی نادادپەروەری و نایەکسانی؛ وڵاتانی پێشکەوتوو دەبنە خاوەنی سەرمایەیەکی زۆر و خۆشگوزەرانی، و وڵاتانی هەژار و بەکارهێنەر تووشی نەبوونی و قەیرانی ئابووری دەبن، کە ئەمەش بەردەوام شەڕ و ئاڵۆزییان لە نێواندا دروست دەکات؛ بەشێکیان بۆ مانەوەی خۆیان دەجەنگن و بەشەکەی تریشیان بەرەنگاری نادادپەروەری دەبنەوە.


«لە بواری مێژووییەوە پێویستیی داهێنانی یەکەمین دەستەکانی چەکداری یا ئەرتەش هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی خاوەندارێتیی تاکەکەسی و سەرهەڵدانی چینایەتی و دروستبوونی دەوڵەتەکاندا بووە؛ لەو کاتەدا شەڕ بووەتە ئامرازێک بۆ باڵادەستیی چینی چەوسێنەر و داگیرکردنی وڵاتانی دیکە و کۆلۆنیالیزم.»

زۆربەی شەڕەکان لە سیستەمی سەرمایەداری و ناکۆکییەکانییەوە سەرچاوە دەگرن. ئیمپریالیزم بۆ دەستگەیشتن بە مادده خاوەکان و کانزاکان هەموو هەوڵێکی خۆی دەدات تا بەشێک لە ناوچەکان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی. لە دونیای ئەمڕۆدا دوو جۆر شەڕ و تێکهەڵچوون هەیە: یەکەمیان شەڕی جەماوەرییە بەرامبەر دەوڵەتە داگیرکەرەکان، و شەڕی دووەمیش زلهێزەکان و ئیمپریالیزمن بۆ دەستبەسەرداگرتنی وڵاتە دواکەوتووەکان. بەڵام شەڕی خەڵک شەڕێکی ئازادیبەخشە بۆ گەیشتن بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، خۆشگوزەرانی و یەکسانی؛ ئەمە شەڕێکە لە نێوان چینەکاندا و تەنیا ڕێگەیەکە کە دەتوانێت مرۆڤ لە چەوسانەوە ڕزگار بکات. بە پێچەوانەوە دەوڵەتە زلهێزەکان هەموو هەوڵێکی خۆیان دەدەن ئەم شەڕە ڕەوایە بە لاڕێدا ببرێت، تا تەنیا ئەو شەڕانە بەڕێوە بچن کە بەرژەوەندیی خۆیانی تێدایە و لە ڕێگەی دەسەڵاتە دەستنیشانکراوەکانی خۆیانەوە دەست بەسەر هەموو سامانی ئەو وڵاتانەدا بگرن.

**زۆربەی شەڕەکان لە سیستەمی سەرمایەداری و ناکۆکییەکانییەوە سەرچاوە دەگرن. ئیمپریالیزم بۆ دەستگەیشتن بە مادده خاوەکان و کانزاکان هەموو هەوڵێکی خۆی دەدات تا بەشێك لە ناوچەکان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی. لە دونیای ئەمڕۆدا دوو جۆر شەڕ و تێکهەڵچوون هەیە: یەکەمیان شەڕی جەماوەرییە بەرامبەر دەوڵەتە داگیرکەرەکان، و شەڕی دووەمیش زلهێزەکان و ئیمپریالیزمن بۆ دەستبەسەرداگرتنی وڵاتە دواکەوتووەکان. بەڵام شەڕی خەڵك شەڕێکی ئازادیبەخشە بۆ گەیشتن بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، خۆشگوزەرانی و یەکسانی؛ ئەمە شەڕێکە لە نێوان چینەکاندا و تەنیا ڕێگەیەکە کە دەتوانێت مرۆڤ لە چەوسانەوە ڕزگار بکات. بە پێچەوانەوە دەوڵەتە زلهێزەکان هەموو هەوڵێکی خۆیان دەدەن ئەم شەڕە ڕەوایە بە لاڕێدا ببرێت، تا تەنیا ئەو شەڕانە بەڕێوە بچن کە بەرژەوەندیی خۆیانی تێدایە و لە ڕێگەی دەسەڵاتە دەستنیشانکراوەکانی خۆیانەوە دەست بەسەر هەموو سامانی ئەو وڵاتانەدا بگرن.**

# چۆنییەتیی بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە و فشارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵات

## (سیناریۆکانی بەردەم حیزبەکان و کۆمەڵگەی کوردستان)



جەمیل سەرمەستی

**«خەساری بێدەنگی و پاشەکشە زۆر زۆر زیاترە لە نرخی بەرەنگاری و بەگژداچوونەوەی دوژمن».**

بە درێژایی مێژوو لە هەموو دونیادا شەڕ و بەربەرەکانێ بە هۆکار، کەرەستە و شێوازی جۆراوجۆر و لە فۆرم و ناوەڕۆکی تایبەت بە سەردەمی تایبەت و بە تێگەیشتن و بیرکردنەوەی تایبەتیی لایەنەکان بۆ بەدەستهێنان یان بەرگری لە ماف، قازانج و بەرژەوەندییەکی دیاریکراو یان پێچەوانەکەی بۆ داگیرکردن و کوشتنی بەرامبەر و گەورەکردنەوەی بازنەی دەسەڵات و هتد... لە ئارادا بووە و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت بە گۆڕانکاریی تایبەت بەم سەردەمەوە بەردەوامە و پێدەچێت تا کاتێک کە گیاندارەکان بژین شەڕیش بەردەوام بێت.

لە هەموو سەردەمەکاندا کۆمەڵێک پلان، ڕێگا و ڕێکاری تایبەت بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرش و پیلان و زاڵبوونی لایەنێک بەسەر لایەنێکی دیکەدا کاریان لەسەر کراوە و تاکتیک و ستراتیژیی جۆراوجۆر تاقی کراونەتەوە کە یان سەرکەوتوو بوون یان تووشی شکان هاتوون.

ئەوانەی کە شکاون، بۆ قەرەبووی شکانەکانیان پێداچوونەوەیان بە بەرنامە و پلانی خۆیاندا کردووەتەوە و ڕێگای نوێیان تاقی کردووەتەوە؛ ئەو لایەنانەش کە سەرکەوتوون دیسان بۆ سەرکەوتنی زیاتر و بەردەوامبوون لە پێشڕەویدا، بە خۆیاندا چوونەتەوە و خۆیان نوێ کردووەتەوە.

ئەمانەش پەیوەستن بە ژیری و وریایی لایەنەکان و خوێندنەوەی پیلان و سیناریۆکانی دوژمن کە گرنگییەکی یەکجار تایبەتی هەبووە و هەیە، هەردوو لای شەڕەکان هەموو هەوڵیان ئاگاداربوون لە بەرنامەی بەرامبەر و داڕشتنی دژەکەی بووە، کە هەندێک جار بەرنامەکان دەیان و سەدانساڵیش دەخوێننەوە.

هەرچەند زۆر هۆکار، تایبەتمەندی و کەرەستەی شەڕیش بێجگە لەوانەی باس کران، وەکوو ئابووری، هەڵکەوتەی جوگرافی، بنەما کلتووری و کۆمەڵایەتییەکان، ئاستی وشیاری و لەخۆبردوویی ڕێبەران و شەڕڤانان و بە گشتی خەڵکی کۆمەڵگەکان بۆ شکان یان سەرکەوتن دەور دەبینن؛ بەڵام شتێک کە نەگۆڕە و لەمێژەوە باوە دەڵێن لە شەڕدا لایەنی زوڵملێکراو و مافخوراو هەم ورەی زیاترە و هەم حەزی سەرکەوتنی.



**لە ڕوانگەی داگیرکەرانی کوردستانەوە هەر قەوارەیەکی کوردی دەتوانێت مەترسی بێت بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەوان، هەر بۆیە هەموویان بۆ پرسی کورد کۆك، یەکدەنگ و هاوکارن.**

**لەم نێوانەدا و لەم گەرمەی شەڕ و هاژەك و دڕۆنباران و ڕێککەوتنانەدا بەداخەوە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە هەموو کاتێك لە مەترسیدان و ئامانجی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی و گرووپەکانی سەر بەو ڕژێمەن.**

**کە بەداخەوە بێپلان و بێبەرنامە و چاوەڕوان، سەرەڕای بەناو پێکهێنانی هاوپەیمانی، بەڵام نایەکگرتووترن لە هەموو کاتێك و نەیانتوانی هیچ بەردێك لەسەر ڕێگای بزووتنەوەکە لاببەن؛ خەریکیشە بەهۆی لایەن یان لایەنگەلێك لەو هاوپەیمانییە بزووتنەوەی کورد بەرەو تواندنەوەی یەکجاری و تسلیمبوون ببەن و بەدەردی ڕۆژئاوا و باکووری بەرن.**

ئەگەر باسەکەمان بسوڕێنینەوە سەر کورد و کوردستان و بە تایبەت واز لە مێژوو بێنین و بەم ڕوانگەیەوە بە خێرایی مل لە ملی ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی پێش و پاش دابەشبوونی کوردستان بنێین و بازێک بدەین بۆ سەد ساڵی ڕابردوو؛ سەرەڕای قارەمانێتی و گیانفیدایی ڕێبەران و خەڵکی خەباتکاری کوردستان و ئەو نرخ و بەریەککەوتنانەی کە کورد لەگەڵ داگیرکەراندا تووشی بووە و هەوڵی بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆی داوە، کەچی ئێستاش بە گشتی لە هیچ پارچەیەکی کوردستان نەگەیشتووە بەو مافگەلەی کە لە هزر و بیریدا جێی کردووەتەوە.

هەرچەند لە بەشی باشووری نیشتمان نیمچە دەسەڵاتێکی کوردی هەیە و تا ڕادەیەک ساڵانێک جێگای هیوا بوو و چرۆی هومێدی لە دڵی ئەویندارانی ئازادیی کوردستاندا لە بەشەکانی دیکە و بە تایبەت ڕۆژهەڵات کردبووەوە و خەڵکی کورد (دیسان بە تایبەت ڕۆژهەڵات) خۆیان بە بەرپرسیار دەزانی لە ئاستی ئەو کیانە کوردییەدا و تا ڕادەیەکیش دەتوانین پێ لەسەر ئەو ڕاستییە بنێین کە خەباتی ڕۆژهەڵات قوربانیی مانەوەی باشوور کراوە، بە پێچەوانەوە دوژمنان هەموو هەوڵێکیان بۆ سڕینەوە و بچووککردنەوەی دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان داوە و دەیدەن.

لە ڕوانگەی داگیرکەرانی کوردستانەوە هەر قەوارەیەکی کوردی دەتوانێت مەترسی بێت بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەوان، هەر بۆیە هەموویان بۆ پرسی کورد کۆک، یەکدەنگ و هاوکارن.

لەم نێوانەدا و لەم گەرمەی شەڕ و هاژەک و دڕۆنباران و ڕێککەوتنانەدا بەداخەوە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە هەموو کاتێک لە مەترسیدان و ئامانجی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی و گرووپەکانی سەر بەو ڕژێمەن.

کە بەداخەوە بێپلان و بێبەرنامە و چاوەڕوان، سەرەڕای بەناو پێکهێنانی هاوپەیمانی، بەڵام نایەکگرتووترن لە هەموو کاتێک و نەیانتوانی هیچ بەردێک لەسەر ڕێگای بزووتنەوەکە لاببەن؛ خەریکیشە بەهۆی لایەن یان لایەنگەلێک لەو هاوپەیمانییە بزووتنەوەی کورد بەرەو تواندنەوەی یەکجاری و تسلیمبوون ببەن و بەدەردی ڕۆژئاوا و باکووری بەرن.

بەڵام بۆ ئەو لایەنگەلەی کە هێشتا لەسەر ڕێگای خەبات لایان نەداوە، بۆ چۆنییەتیی بەگژداچوونەوەی هەر دوژمنێک پێویستمان بە ناسینی بنەڕەتیی خۆمان و ئەو دوژمنەیە لە هەموو بوارێکدا؛ وەکوو هێزی مرۆیی، کەرەستەی شەڕ، جوگرافیای شەڕەکە و پێداویستییەکانی، پێگەی جەماوەری، هێزی ئابووری، هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان و ڕوانگەکانیان و بە گشتی سیاسەتی جیهانی (کە بەستراونەتەوە بەوەی کە یان دەبێت بەرژەوەندییان بۆیان بێت یان بەرژەوەندییان بخرێتە مەترسییەوە)، چەندایەتی و چۆنایەتی و توانایی کەڵکوەرگرتن لە بارودۆخی زەمەنی و هتد...

و بەپێی ئەمانە هەڵبژاردنی شێوەی بەرەنگاری زۆر گرنگە؛ کە ئەگەر کورتی بکەینەوە پێنج فاکتەری سەرەکی لە شەڕدا دەور دەبینن: ١- نیشتمان یان جوگرافیا ٢- ئاستی پشتیوانی و پاڵپشتیی خەڵک لە هەرقالبی/هەرکام لەو لایەنگەلە ٣- هێز و کەرەستەی سەربازی ٤- ئیرادە و بیروباوەڕی هێزە شەڕکەرەکان ٥- ڕێبەرایەتی و مدیرییەتی شەڕ

(کە تێکڕای چەندایەتی و چۆنایەتیی ئەمانە دەکاتە هێز و قورسایی تۆ، نە یەک یان دوو فاکتەریان، و هەر هێزێکیش دەبێت جووڵە سیاسی و سەربازییەکانیشی لە ئاست ئەو قورساییانەدا بێت ئەگینا دۆڕاوە).

لەبەر ئەوەی مەبەستەکەمان چۆنییەتیی بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە و هێرشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و لەو بوارەشدا

...بۆ ل ٧

درێژەی لاپەڕەی ٧

کورد ئەزموونی شەڕی لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا هەیە و بە باشی ناخی ئەو ڕژێمەی لە هەموو بوارەکاندا هەر لە سەرەتاوە ناسیوە، لە ڕووبەڕووبوونەوەکان لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا سەرەڕای ناهاوسەنگیی هێزی مرۆیی و چەکوچۆڵ، ئەزموونی سەرکەوتنیشمان زۆرە؛ کە بێجگە لە شەڕی پارتیزانی و پێشمەرگانەی ساڵانی شەست و حەفتاکان، شەڕی سێ مانگە وەکوو سەرکەوتنی کورد بەسەر کۆماری ئیسلامیدا بۆ مێژوو تۆمار کراوە.

ڕاستە ساڵانێکە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو هۆکارگەلەی کە هەموومان دەیزانین و پێویست بە باسکردن ناکات، شەڕی چەکداری و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا هەڵپەساردووە و لە شێوەکانی دیکەی خەبات بە دژی ئەو ڕژێمە و بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کەڵکی وەرگرتووە؛ بەڵام هەم بۆ دوژمن و هەم بۆ خەڵکی کوردستان شاراوە نییە کە ئەو هێزانە چەندە کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان هەیە. هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی بەو ڕاستییە تاڵەوە دەتلێتەوە و بە دڵنیاییەوە چەندقات زیاتر لە خۆشمان دەزانێت کە ئەو هێزانە چەندە مەترسین بۆ مان و مەوجوودییەتی کۆماری ئیسلامی و ئیدئۆلۆژییەکەی. ئەو باش لەوە تێگەیشتووە کە ئێستا بارودۆخی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی چەندە لەبارن بۆ هەڵتەکاندنی بناغەی ڕژێمەکەی. هەر بۆیە ژووره فکرییەکانی ڕژێمی ئاخوندی بۆ بەرگری لە مانەوەی خۆیان لە ئێران و بە تایبەت لە کوردستان، پێویستیان بە بێدەنگکردن یان ئەگەر بۆیان بکرێت سڕینەوەی سەرچاوەی ئەو هێز و پۆتانسیێلەیە کە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن.

لە لایەکی دیکەوە هەرێمی کوردستان وەکوو بەشێک لەو مەترسییانە دەبینن و دەزانن هەم لە بوار سیاسی و جوگرافییەوە، هەم لە بوار ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە چەندە دەتوانێت هاندەر بێت بۆ مافخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە پێچەوانەشەوە چەندە کاریگەریی نەرێنی دەبێت.

لە ڕاستیدا فشار و هەڕەشە و هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕووی ترس و نیگەرانییەکی قووڵ و بەپەلەوە دێت کە لە هێزی کوردی هەیەتی.

لە ڕوانگەی منەوە کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی لە شەڕێک دەترسێت کە ببێتە تووشیەوە و لەم بارودۆخە نالەبارەدا ماڵوێرانی بکات یان قازانجەکەی سەری بخوات (کە ئەمە زیاتر بۆ دەسەڵاتدارانە کە دەترسن ئەوەی هەیانە لەدەستی بدەن)، بە هەڕەشە و هەندێک هێرشی تاکتیکیی بچووک وەکوو مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، بە پێچەوانەی شرۆڤە و بۆچوونی زۆربەی هەرەزۆری سیاسییەکانی کورد، دەیهەوێت ئەو شەڕە لە خۆی دوور بخاتەوە. (ئەوە تاکتیکێکە بۆ ئەوەی دوژمنت دەستپێشخەری شەڕێک نەبێت کە قازانجی لێ ناکەیت و تەنیا بۆ پێچەوانە نیشاندانی ڕاستییەکان و لە ڕاستیدا هەڵخەڵەتاندنی دوژمنە).

ئێمە دەبێت چی بکەین؟

هەموو جۆرە خەباتێکمان تاقی کردووەتەوە و خەسار و دەستکەوتەکانیشی دەزانین، هەر بۆیە بە خوێندنەوەیەکی ژیرانە و بوێرانە بۆ دۆخەکە و بە ڕوانینێک بۆ دۆخی کۆماری ئیسلامی و پاڵپشتی و ئامادەییی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بە بڕوای من تا ئێستا لە سەردەمی هیچکام لە ڕاپەڕین و شۆڕش و خەباتی چەکدارییەکدا کە کردبێتی ئەوەندە خەڵک لەگەڵ هێزی خەباتکار و شەڕکەر نەبوون و دۆخەکە لەبار نەبووە بۆ شەڕی چەکداری (بە میتۆدی ڕۆژ و ڕێکخستنی تایبەت و نوێ)؛ ئەو پشتیوانییەی ئێستای خەڵکەکەمان لە ڕۆژهەڵات بێوێنەیە و سەرەڕای هەموو تێبینییەکان دەبوو وەکوو هەلێکی زێڕین چاومان لێ بکردایە کە نەمانکرد، دەبێت چاوی لێ بکەین ئەگینا ئەویش خەسار دەبێت.

**کورد ئەزموونی شەڕی لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا هەیە و بە باشی ناخی ئەو ڕژێمەی لە هەموو بوارەکاندا هەر لە سەرەتاوە ناسیوە. لە ڕووبەڕووبوونەوەکان لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا سەرەڕای ناهاوسەنگیی هێزی مرۆیی و چەکوچۆڵ، ئەزموونی سەرکەوتنیشمان زۆرە؛ کە بێجگە لە شەڕی پارتیزانی و پێشمەرگانەی ساڵانی شەست و حەفتاکان، شەڕی سێ مانگە وەکوو سەرکەوتنی کورد بەسەر کۆماری ئیسلامیدا بۆ مێژوو تۆمار کراوە.**

**ڕاستە ساڵانێکە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو هۆکارگەلەی کە هەموومان دەیزانین و پێویست بە باسکردن ناکات، شەڕی چەکداری و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا هەڵپەساردووە و لە شێوەکانی دیکەی خەبات بە دژی ئەو ڕژێمە و بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کەڵکی وەرگرتووە؛ بەڵام هەم بۆ دوژمن و هەم بۆ خەڵکی کوردستان شاراوە نییە کە ئەو هێزانە چەندە کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان هەیە. هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی بەو ڕاستییە تاڵەوە دەتلێتەوە و بە دڵنیاییەوە چەندقات زیاتر لە خۆشمان دەزانێت کە ئەو هێزانە چەندە مەترسین بۆ مان و مەوجوودییەتی کۆماری ئیسلامی و ئیدئۆلۆژییەکەی. ئەو باش لەوە تێگەیشتووە کە ئێستا بارودۆخی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی چەندە لەبارن بۆ هەڵتەکاندنی بناغەی ڕژێمەکەی. هەر بۆیە ژووره فکرییەکانی ڕژێمی ئاخوندی بۆ بەرگری لە مانەوەی خۆیان لە ئێران و بە تایبەت لە کوردستان، پێویستیان بە بێدەنگکردن یان ئەگەر بۆیان بکرێت سڕینەوەی سەرچاوەی ئەو هێز و پۆتانسیێلەیە کە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن**

ئەو ڕژێمە ڕژێمێک نییە کە بە نووسینی چەند بابەت و چالاکیی مەدەنی بڕووخێت، بەڵکوو تەنیا لە ڕێگەی خەباتی چەکداری و شۆڕشی خەڵکەوە دەکرێت لە کوردستان ڕاوی بنێین و ئیتر دەڕووخێت یان نا، ئەوە کاری ئێمە نییە. ئەمە تەنیا لێدوانێک نییە بۆ میدیا یان بۆ هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان، ئەمە ڕاستییەکە و دڵنیام کە ئەو ڕژێمە دەبێت بە خەباتێکی توندوتیژی شار و شاخ بڕووخێت؛ کە بۆ ئێمەی کورد دەرکردنی لە کوردستان لە ڕووخانی زیاتر قازانجمانە (کە ئەمەش بۆ خۆی شرۆڤەیەکی دوورودرێژ هەڵدەگرێت کە جێگای لەم بابەتەدا نابێتەوە).

بە سەرنجدان بەو فاکتەرگەلەی کە باسمان کرد و ئەو هێزە جەماوەری و مرۆییەی خەڵکی کوردستان و دۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئەو قەیرانگەلەی کە دوژمنی تێدایە و بە گشتی بڕیاری خەڵکی کوردستان، و بە گرتنەبەری ڕێگا و ڕێکار و پلانگەلی تایبەت و بە لێبوردەیی هێزە سیاسییە ڕەسەنەکانی ئەو بەشەی کوردستان بە نیسبەت یەکترەوە و خستنەپێشی قازانجی نیشتمانی بە کردەوە و باوەڕ و بە وتارێکی یەکگرتوو و هێرشبەرانە و پڕ لە ورە و بڕواوە؛ بە پێچەوانەی ئێستا، ئێمە هەم بە وتار و هەم بە کردەوە هێرشبەر بین و چاوەڕوانی هێرشی دوژمن نەکەین (وەک دەڵێن باشترین دیفاع و بەربەرەکانێ هێرشە) و واز لە پاساو و بیانوو بێنین و خۆمان ئامادە و نوێ بکەینەوە. شەڕێکی سەروماڵی لە پێشمانە، جا بەو دۆخەی کۆماری ئیسلامی و بە سەرنجدان بە داهاتوو کە هر هێزێکی ناوەندگەرا دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت، ئێستا بیکەین باشترە لە سبەی. ئەنجامەکەشی بەستراوەتەوە بە مدیرییەت و بەڕێوەبەری و بڕیاری بوێرانە و ژیرانەی بەڕێوەبەران و ئەندامانی بەڕێوەبەریی حیزبەکان.

سۆنگەیەکی دیکەی ئەو تێڕوانینە، بە تیرێک چەند نیشانەیە؛ هەم بارەکەی باشوور سووک دەکەین و هەمیش دەبینە هێزێک بۆ پاڵپشتیی ئەو، هەمیش دەتوانین کۆماری ئیسلامی لە کوردستان ناچار بە پاشەکشە بکەین. دواتریش (دیپلۆماسی بە پاڵپشتیی شەڕ، سیاسەت بە پاڵپشتیی شەڕ).

ئەگەر شەڕ نەکەین؟

بە دڵنیاییەوە ئەو فشارگەلەی لەسەر حکوومەتی باشوورە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتریان دەکات و هاوشێوەی ڕۆژئاوا بەرەو ڕووخانی یەکجاری ڕایاندەکێشێت. ئەو بارودۆخەی کە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی تێدایە ڕۆژ بە ڕۆژ زیانبارتر و خراپتر دەبێت و دەگاتە شوێنێک کە کاریگەریی یەکجار نەرێنی و دڵتەزێنی بۆ هەموو لایەکمان بە تایبەت خەڵکی ڕۆژهەڵات دەبێت و بە یەکجاری تا ماوەیەکی درێژ هیچ ورە و وزەیەکی خەبات لەو بەشەدا بوونی نابێت، کە ئەوەش نەک هر هەڵە، بەڵکوو تاوانێکە کە هێزە سیاسییەکان تا ئێستا ئەنجامدەری بوون و دەبن و دەبێتە شکستێکی مێژوویی بۆ ئەو بەشەی کوردستان و یارمەتیی مانەوەی زیاتری کۆماری ئیسلامی دەدات.

تێبینی: ١- زۆربەی هەرەزۆری ئەوانەی لە زۆربەی شەڕەکاندا بەشداری دەکەن و دەبنە هۆی سەرکەوتنی ئەو شەڕانە، مرۆڤگەلێکی خاوەن هەست و ئیحساسن بە بیر و باوەڕیان، کە ئێمەی کورد ساڵانێکە پەراوێزمان خستوون و بەجێگای ئەوەی کەڵکی پێویستیان لێ وەربگرین، لە هیچ پێشهات و معادەلەیەکدا جێگامان پێیان نەداوە.

# کورد و هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان؛ مێژووی پەیماننامەکانی دابەشکردنی کوردستان



ئارمان کورد



**پێشەکی: دەسەڵاتی خێڵەکی**

دەسەڵاتی خێڵەکی و عەشیرەتی، کاریگەرییەکی فرەلایەن و لە زۆر قۆناغدا نەرێنیی لەسەر مێژووی بزووتنەوەی کوردی داناوە. لە کاتێکدا سیستەمی خێڵ لە سەردەمێکدا بۆ پاراستنی مانەوەی کۆمەڵگە گرنگ بووە، بەڵام بۆ بزووتنەوەیەکی نیشتمانی و مۆدێرن بووەتە ڕێگر لە گەشەسەندن و بەنەتەوەبوون.

بە شێوەیەکی گشتی، کاریگەرییە نەرێنییەکانی دەسەڵاتی خێڵەکی لەسەر بزووتنەوەی کوردی لەم خاڵانەدا بەرجەستە دەبن:

- لاوازکردنی دامەزراوە نیشتمانییەکان: لەبری دامەزراندنی سیستەمێکی یاسایی و هاووڵاتیبوون، دەسەڵات لەسەر بنەمای ملکەچی بۆ سەرۆکخێڵ و بەرژەوەندییە بنەماڵەیی و ناوچەییەکانیان بنیاد نراوە.
- دووبەرەکی و ناکۆکیی ناوخۆیی: ململانێی نێوان سەرۆکعەشیرەتەکان بۆ دەستکەوت و پێگە، زۆر جار بووەتە هۆی پەرتەوازەبوون و لەتکردنی ڕیزەکانی گەلی کورد و لەباربردنی شۆڕشەکان. هەروەها دەسەڵاتدارانی داگیرکەر ئاسانتر توانیویانە لە ڕێگەی ئەم سەرۆکانەوە هێزی کورد دابەش بکەن و فەرمانڕەواییان بکەن.
- تێکەڵکردنی خەباتی نیشتمانی لەگەڵ بەرژەوەندیی تایبەتیدا: زۆرێک لە سەرکردە خێڵەکییەکان خەباتی کوردییان وەک ئامرازێک بۆ بەهێزکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی خۆیان بەکار هێناوە، نەک گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد.
- پەراوێزخستنی ڕۆشنبیران و چینە پێشکەوتووەکان: لە سیستەمی خێڵەکیدا، بڕیاردان بە دەستی کەسانی بەرژەوەندخواز یان خاوەن هێزی چەکداری خێڵدا بووە؛ ئەمەش دەرفەتی نەداوە بە توێژە ڕۆشنبیر و سیاسییەکان تا بزووتنەوەکە ئاڕاستەیەکی زانستی و مۆدێرن وەربگرێت.

کاریگەریی ئەم سیستەمە تەنانەت لە مێژووی نوێشدا گۆڕاوە بۆ «حیزبی خێڵەکی»، کە تێیدا حیزبەکان هەمان شوێنپێی دەسەڵاتی عەشیرەتییان گرتووەتەوە و هێشتا وەک پێویست دەوڵەتێکی دامەزراوەیی مۆدێرن دانەمەزراوە.

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی بوونە بەربەست لە پێش شۆڕشی کوردیدا، بە هەڵە کەڵکوەرگرتن بوو لە چەمک و ئایدۆلۆژیا بێگانەکان. لە شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی گەلی کورددا، زۆر جار چەمکە سیاسییەکان لە قازانجی مافەکانی گەل بەکار نەهێنراون؛ شۆڕش و تاکی سیاسیی کوردیان سنووردار کردووە و زۆرتر لە چوارچێوەی پرەنسیپەکانی ئەو

**سەرەتای چەسپاندنی دابەشبوونی کوردستان لەسەر دەستی ئەوان بوو، کە بۆ شەڕی چاڵدێرانی نێوان سەفەوییەکان و عوسمانییەکان لە ناوچەی چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤دا دەگەڕێتەوە. ئەو کاتەش پێشتر کوردەکان لە ڕێگەی چەند میرنشینێکەوە وڵاتەکەی خۆیان بەڕێوە دەبرد، هەرچەندە ئەو میرنشینانە یەکگرتوویی و هاوبەستەیییەکی توندوتۆڵیان نەبوو کە بتوانن یەکێتییەك یا کۆمکارێك هاوشێوەی میرنشینە عەرەبییە یەکگرتووەکان یا هەر وڵاتێکی تری خاوەن فیدراڵ یا کۆنفیدراڵ دروست بکەن.**

**بۆیە لە ژێر فشاردا، زۆربەی میرنشینە کوردییەکان بە لای عوسمانییە تورکە سوننەمەزهەبەکاندا دەشکێنەوە. ڕێخۆشکەری ئەم خۆشکاندنەوە یان خۆخستنەپاڵە، مەلا ئیدریسی بەدلیسی بوو کە لە ساڵی ١٥١٥دا هانی میرنشینە کوردەکانی دا تا لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و مانەوەیان لەسەر دەسەڵات، دەنگ بە سوڵتانە عوسمانییەکان بدەن و باجی ساڵانەیان پێ بدەن تا ئەوانیش ئەرکی پاراستنیان بگرنە ئەستۆ، دانپێدانانیان بۆ بکەن و ڕێگە بدەن حوکمڕانییان لە باوکەوە بۆ کوڕ بمێنێتەوە.**

چەمکانەدا خۆیان فۆرمولە کردووە. ئەم دیاردەیەش بووەتە هۆی لەباربردنی کۆمەڵێک لە شۆڕشەکانی کوردستان، هەروەها شەڕی ناوخۆیی، دابەشکردنی کۆمەڵگە، پێشخستنی بەرژەوەندیی حیزبی بەسەر بەرژەوەندیی گەلدا و لاوازکردنی بزافی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد.

دیارترینی ئەو چەمکانەش ئیسلامی سیاسی، ناسیۆنالیزمی چەقبەستوو، و ئایدۆلۆژیا چەپ و ڕاستەکانن. ئەگەرچی زۆر بە کورتی ئاماژەم بەو هەڵە ستراتیجییانە کرد، بەڵام دەکرێت بخرێنە بەر باس و قووڵتر تاوتوێ بکرێن.

مێژووی کوردستان

مێژووی ژیان و شارستانیەت لە کوردستاندا بۆ هەزاران ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح دەگەڕێتەوە. لە ئەشکەوتی شانەدەر لە هەرێمی کوردستان شوێنەواری مرۆڤی نیاندەرتاڵ دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی بۆ نزیکەی ٦٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. هەروەها شوێنەوارە دێرینەکانی ناوچەی حەسەنکەیف و چەمی گەورە، مێژوویەکی ١٢ هەزار ساڵەی کشتوکاڵی و نیشتەجێبوونی مرۆڤ دەسەلمێنن.

مێژووی شارستانیەتەکانی ئەم ناوچەیە بە گشتی بەسەر چەند قۆناغێکی گرنگدا دابەش دەبێت:

١. سەردەمی بەردین: دۆزراوەکانی ئەشکەوتی شانەدەر مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ٦٠,٠٠٠ تا ٨٠,٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر.

٢. سەردەمی کشتوکاڵ و گوندنشینی: شوێنەوارە بەناوبانگەکان و ئەشکەوتەکانی تری کوردستان (وەک ئەشکەوتی چوارئەستوون) نیشان دەدەن کە گۆڕانی مرۆڤ لە ڕاوچییەوە بۆ جووتیار، پێنج هەزار تا دە هەزار ساڵ پێش ئێستا لەم ناوچەیەدا ڕووی داوە.

٣. سەردەمی دەوڵەت و شارستانیەتەکان: گەلانی ڕەسەنی ناوچەکە (وەک سوباری، گۆتی، هۆری و میتانییەکان) لە نێوان ٥٥٠٠ تا ٤٠٠٠ ساڵ پێش زایین خاوەن شارستانیەت بوون.

ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە کورد ئەم خاکەی لە کەس داگیر نەکردووە و خۆی ئاوەدانی کردووەتەوە؛ بە حوکمی مێژوو خاوەندارییەتیی ئەم ناوچەیەی بۆ ماوەتەوە و لەم پێناوگەلەدا بە درێژایی مێژوو ڕووبارێک خوێنی بەخشیوە. ململانێ و شەڕی ئەوکاتی جیهانیش لە نێوان هێزەکاندا، لەسەر داگیرکردن، بەتاڵانبردنی خێروبێر و دەستبەسەرداگرتنی خاکی وڵاتان بووە. هەرچەندە کورد لە پێناو بەرگریکردن لە نیشتمانەکەی ڕووبەڕووی سەرجەم هێرشەکان بووەتەوە؛ لە هێرشەکانی ئەسکەندەری مەقدۆنییەوە تا هێرشەکانی ڕۆمانی، بێزەنتی، هۆلاکۆ و دواتریش هێرشی ئایینپەروەران لە کریستیانەکانەوە تا ئیسلام.

دوای ئەوەی زۆرینەی کورد لە ڕووی ئایینییەوە بە لایەکدا دەشکێتەوە و دەبێتە موسڵمان، ئەمجارەیان ڕووبەڕووی هێرشە مەزهەبگەرییەکان دەبێتەوە لە نێوان سەفەوییە شیعییەکان و تورکە سوننەکاندا. هەرچەندە لە ڕاستیدا شەڕ و ململانێی نەتەوەپەرستی بوون، بەڵام دەمامکدرابوون و لە ڕێگەی ئایین و مەزهەبەوە دەکران. دەتوانین بڵێین مەزنترین گورز کە ئەوکات بەر کورد کەوت، لە لایەن سەفەوییە شیعییەکان و هەروەها بە ناوی هاوئایینی و هاومەزهەبی لە لایەن تورکە عوسمانییە سوننەکانەوە بوو.

ڕێککەوتنی چاڵدێران و سەرەتای دابەشبوونی کوردستان

سەرەتای چەسپاندنی دابەشبوونی کوردستان لەسەر دەستی ئەوان بوو، کە بۆ شەڕی چاڵدێرانی نێوان سەفەوییەکان و عوسمانییەکان لە ناوچەی چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤دا دەگەڕێتەوە. ئەو کاتەش پێشتر کوردەکان لە ڕێگەی چەند میرنشینێکەوە وڵاتەکەی خۆیان بەڕێوە دەبرد، هەرچەندە ئەو میرنشینانە یەکگرتوویی و هاوبەستەیییەکی توندوتۆڵیان نەبوو کە بتوانن یەکێتییەک یا کۆمکارێک هاوشێوەی میرنشینە عەرەبییە یەکگرتووەکان یا هەر وڵاتێکی تری خاوەن فیدراڵ یا کۆنفیدراڵ دروست بکەن.

بۆیە لە ژێر فشاردا، زۆربەی میرنشینە کوردییەکان بە لای عوسمانییە تورکە سوننەمەزهەبەکاندا دەشکێنەوە. ڕێخۆشکەری ئەم خۆشکاندنەوە یان خۆخستنەپاڵە، مەلا ئیدریسی بەدلیسی بوو کە لە ساڵی ١٥١٥دا هانی میرنشینە کوردەکانی دا تا

...بۆ ل٩

درێژەی لاپەرەی ٨

لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و مانەوەیان لەسەر دەسەڵات، دەنگ بە سوڵتانە عوسمانییەکان بدەن و باجی ساڵانەیان پێ بدەن تا ئەوانیش ئەرکی پاراستنیان بگرنە ئەستۆ، دانپێدانانیان بۆ بکەن و ڕێگە بدەن حوکمڕانییان لە باوکەوە بۆ کوڕ بمێنێتەوە.

بەم شێوەیە میرنشینەکان سەروەریی خۆیان لەدەست دەدەن و دواتریش دەبنە نێچیری فێڵەکانی عوسمانییەکان کە لە بەڵێن و پەیمانەکانیان پەشیمان دەبنەوە و خۆیان دەبنەوە بە داگیرکەریان. بەم شێوەیە ڕێککەوتنی چاڵدێرانی نێوان سەفەوی و عوسمانییەکان، یەکەم دابەشکردنی خاکی کوردستان بوو لە نێوان زلهێزەکاندا.

لە ساڵی ١٥٥٥دا، عوسمانی و سەفەوییەکان بۆ جاری دووەم پەیماننامەیەکی تر بە ناوی پەیماننامەی «ئەماسیا» دەبەستن. دەتوانین ئەم پەیماننامەیە بە یەکەم پەیماننامەی فەرمی لە نێوان ئەو دوو هێزەدا دابنێین، چونکە سنووری نێوانیان دیاری کرا، بە دۆکۆمێنت کرا و فەرمییەتیان دا بەو دابەشکردنەی سنوورەکانیان. ئەمە دوایین دانیشتن و پەیماننامەی نێوان ئەو دوو هێزە داگیرکەرە نەبوو؛ دوابەدوای ئەمە، پاش چەندین وردەکێشە و ململانێی داگیرکاری و قۆرخکاریی دەسەڵات، بۆ جارێکی تر پێویست بە دانیشتن و پەیمانبەستن دەکاتەوە کە لە ساڵی ١٦٣٩دا لە سەرپێڵی زەهاو کۆ دەبنەوە و بە ناوی «پەیماننامەی زەهاو» ڕادەگەیەنرێت. ئەم دانیشتنە لە نێوان شا عەبباس و سوڵتان مورادی چوارەمدا ئەنجام درا. ئەوەی لەم دانیشتنەدا جەختی لەسەر کرایەوە، پێداگری بوو لەسەر ئەو سنوورانەی پێشتر لە ئەماسیادا دیاری کرابوون؛ واتە سنوورە دەستکردەکەی لەتکردنی کوردستان. بەمەش کێشەی کورد قووڵتر و قورستر بووەوە.

سنوورەکان تا ئەمڕۆش کاڵ نابنەوە

لە ساڵی ١٨٢٣دا، دیسان لە ئەرزەڕۆم پەیمانێکی تر بە ناوی پەیماننامەی «ئەرزەڕۆمی یەکەم» و دواتریش «ئەرزەڕۆمی دووەم» لە ساڵی ١٨٤٧دا واژۆ کرا. ئەم پەیمان و ڕێککەوتنانە لە دوای چەندین شەڕ، هێرش و پاشگەزبوونەوە لە پەیمانەکان ئەنجام دران. بەڵام لێرەدا ناکرێت بچینە سەر وردەکاریی ئەو ڕووداوانە، چونکە مەبەستمان تەنیا ئەو کۆنگرە و پەیماننامانەن کە دژی کورد ئەنجام دراون و بەهۆیانەوە سنوورەکان تا ئەمڕۆش کاڵ نابنەوە.

دوای ئەوە، لە ساڵی ١٩١١دا دانیشتنێک بۆ دیاریکردنی سنوورەکان لە تاران، و لە ساڵی ١٩١٣دا لە ئاستانە (ئەستەمبوڵ) ئەنجام درا. پرۆتۆکۆلی ئاستانەش لە هەمان ساڵدا بۆ هەمان مەبەستی دیاریکردنی سنوورەکان و پێداگری و ڕەزامەندییان لەسەر پەیماننامەکانی پێشووتر بوو.

ئەم پەیماننامە و ڕێککەوتنانەی نێوان ئەو دوو داگیرکەرە، بە بێ ئامادەبوونی کورد ئەنجام دران؛ مەبەستیش تەنیا دابەشکردنی خاکی کورد و هاووڵاتیی کورد بوو. دوور لە چاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئەم ستەمە لە کورد کرا کە تا ئەمڕۆش پێوەی دەناڵێنین. سنوورەکانیان دواتریش لە کۆنگرەکانی ڤێرسای و لۆزاندا پیرۆزتر کرد و کردیان بە ئەمری واقیع. هەرچەندە ڕووسەکان بایەخیان بەو نەتەوە و دەوڵەتانە داوە کە هاوسنوورن لەگەڵ وڵاتەکەیاندا، نەک لە پەرۆشییان بۆ مافی میللەتان، بەڵکوو لە پێناو پاراستنی سنوورەکانیان و دەستوەردان لە کاروباری گەلاندا؛ بەم هۆیەوە ویستویانە لەم ناوچانەدا، وێڕای ڕێگەگرتن لە دەستی بریتانیا و فەرەنسا، خۆشیان پێگە و کارتی فشاریان هەبێت بۆ کاتی پێویست.

لە ساڵی ١٩١٦دا، ڕێککەوتنێکی نهێنی لە نێوان فەرەنسا و بریتانیادا بە ڕەزامەندیی ڕووسیا، لە نێوان مارک سایکس و جۆرج پیکۆ دەبەسترێت کە پێی وترا «سایکس-پیکۆ». لەوێدا «هیلالی خەسیب» (کەوانەی پیتور) و هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی، لەم ڕێککەوتنەدا فەرەنسا و بریتانیا دابەشی سەر خۆیانی دەکەن؛ لەم میانەیەدا کوردستان بەشگەلێکی زیاتری بەر دەکەوێت و سنوورە دابەشکراوەکانی پێشتریشی زیاتر دەچەسپێن.

پارچەکردنی کوردستان؛ ئاسایشی ناوچەکەی شێواند

کوردەکان لەم ماوەیەدا دەستەوەستان نەوەستان و هەوڵی زۆریان دا، بەڵام هەوڵەکانیان نێودەوڵەتی نەکران و لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا ڕێگەیان پێ نەدرا دەنگیان ببیسترێت. یەکەم دەنگی بیستراو دەتوانین بۆ ئەوکاتە بگەڕێنینەوە کە شەریف پاشا بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی و دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، لە کۆنگرەکانی پاریس و سیڤەردا توانی بە فەرمی دەنگی کورد بگەیەنێتە نێو کۆنگرە و دانیشتنەکان. ئەمەش ئەو کاتە هات کاتێک بریتانیا لە ساڵی ١٩١٨دا ئینتدابی عێراقی وەرگرت و داوای لە سێر پێرسی کۆکس (Sir Percy Cox)، باڵوێزی بریتانیا کرد لەگەڵ شەریف پاشادا دانیشێت تەنیا بۆ گوێگرتن لە داواکارییەکانی.

لە ساڵی ١٩١٩دا لە مارسیلیای فەرەنسا ئەو دانیشتنە ئەنجام درا. دوابەدوای ئەو دانیشتنە، شەریف پاشا دوو یاداشت و دوو نەخشەی کوردی بۆ کۆنگرەی ئاشتەوایی لە فەرەنسا ئامادە کرد؛ یەکێکیان لە ٢١ی ئاداری ١٩١٩ و ئەوی تریان لە ١ی ئاداری ١٩٢٠ دا بوو. داواشی لە ئامادەکارانی کۆنگرە کرد لیژنەیەک بۆ دیاریکردنی سنوورەکان پێک بێنن بە پشتپەستن بە بنەماکانی مافی نەتەوەکان. لە یاداشتێکیاندا ئاماژەی بەوە دابوو کە پارچەکردنی کوردستان خزمەت بە ئاسایشی ناوچەکە ناکات؛ ئەمەش وەک وشیارکردنەوەیەک بوو کە ئەوەتا تا ئەمڕۆش بەهۆی پارچەبوون و دابەشکردنی کوردستانەوە ناوچەکە ئارامیی بە خۆیەوە نەبینیوە. لە یاداشتەکەی تریاندا ئاماژەی بەوە دابوو کە تورکەکان بە ئاشکرا لەگەڵ سەربەخۆیی ئێمەدان و بە دراوسێیەتیی ئێمە خۆشحاڵن، لە کاتێکدا واش نەبوو.

سەرۆکی ئەو کۆنگرەیە جۆرج کلیمەنسۆ، سەرۆکوەزیرانی فەرەنسا بوو. شەریف پاشا داوای لێ کرد فشار بخاتە سەر ئاستانە تا دەست لە چەوساندنەوەی کوردەکان هەڵبگرێت و چیتر ڕاوەدووی چالاکوانانی کورد نەنێت، و گوتی: «لەو کاتەی لایەنگرانی ئیتیحاد و تەرەقی هاتوونەتە سەر حوکم، زوڵم و ڕاوەدوونانی کوردان زیادی کردووە». لە ژێر کاریگەریی ئەم نامانەی شەریف پاشادا، کلیمەنسۆ لە کۆنگرەکەدا بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە تورکیا لەو ئاستەدا نییە خاوەندارییەتی لە میللەتانی ناتورک بکات.

کاتێکیش شەریف پاشا هەستی کرد ئەورووپییەکان بەهۆی هاوئایینییەوە لەگەڵ ئەرمەنییەکاندا هاوسۆزن، و بەهۆی هاوکێشە و دۆستایەتیی کورد و ئەرمەنیشەوە کە لە لایەن یەک وڵاتەوە داگیر و دەچەوسێنرێنەوە، بە پێویستی زانی گرێبەستێک لەگەڵ نوێنەری ئەرمەنەکان (بۆغۆس نۆبار) ببەستێت. بە ئامادەبوونی سەرۆکی کاتیی کۆماری ئەرمینیا (ئۆهانجانیان)، هەردووکیان بە نوێنەرایەتیی میللەتەکەیان واژۆیان کرد و دایانە کۆنگرە و ئەوانیش خۆشحاڵیی خۆیان بۆ ئەو دۆستایەتییە دەربڕی.

لەو کۆنگرەیەدا کە ئەمریکا، ئیتالیا، فەرەنسا و بریتانیا بەشدار بوون، مشتومڕی زۆر کرا؛ بەڵام دواجار ئەمریکا کۆنگرەکەی جێ هێشت و مەیدانەکەی بۆ فەرەنسا و بریتانیا چۆڵ کرد، ئەوانیش بە ئارەزووی بەرژەوەندییەکانی خۆیان میراتەکەیان دابەش کرد.

لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠دا کۆنگرەی سیڤەر بەسترا. وەفدی کوردی بە سەرۆکایەتیی شەریف پاشا بوو و دەستکەوتی باشی وەدەست هێنا. بڕیارەکانی کۆنگرە لە ١٣ بەش و ٤٣٣ بەند پێک هاتبوو. لە بەندەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤)دا باس لە کورد دەکات و دان بە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردیدا دەنێت. بەندی ٦٢ لیژنەیەک لە ئیتالیا، فەرەنسا و بریتانیا پێک دەهێنێت بۆ دیاریکردنی ناوچە کوردییەکان. بەندی ٦٣ لەسەر تورکیایە کە دان بە دەوڵەتی کوردیدا بنێت. لە بەندی ٦٤دا هاتووە کە دوای ساڵێک، کوردەکان دەتوانن سەردانی کۆمەڵەی نەتەوەکان بکەن بۆ داواکردنی دانپێدانان بە دەوڵەتی کوردیدا.

بۆ بەدواداچوونی بڕیارەکانی سەقامگیری و مافی کورد بە تایبەتی، کۆنگرەی لەندەن لە ساڵی ١٩٢١ دا بەسترا. لەم کۆنگرەیەدا، کەمال ئەتاتورک پاش ئەوەی هەندێک سەرکەوتنی بەسەر یۆناندا وەدەست هێنا، بە هێزەوە دەرکەوت و توانی بڕیارەکانی سیڤەر سڕ بکات و باسی کورد بە هیچ شێوەیەک نەێتە سەر مێز؛ لەبری ئەو ڕێککەوتننامەیە داوای کرد ڕێککەوتنێکی تر ئەنجام بدرێت.

کەمتر لە سێ ساڵ پاش کۆنگرەی سیڤەر، واتە لە ساڵی ١٩٢٣ دا، کۆنگرەی لۆزان بەسترا. لەو کۆنگرەیەدا ئەو بڕگانەی پەیوەندییان بە کوردەوە هەبوو سڕانەوە و ڕێگە بە نوێنەری کوردەکان نەدرا بەشداری بکەن. ئەوەشی سەبارەت بە مافی گەلان هاتبوو گوتی: «ئەنکەرە بەڵێن دەدات کە مافی گەلانی ناتورک بپارێزێت»، بێ ئەوەی ناوی کورد بێت. نوێنەری تورکەکانیش گوتی: «کوردەکان پێیان خۆشە لەگەڵ ئێمەدا بژین و ئێمە مافەکانیان دەپارێزین». ئیتر بۆ جارێکی تر کوردستان لە ژێر چەپۆکی داگیرکەراندا مایەوە.

ئاکامی دابەشکارییەکە

دوای تەواوبوونی جەنگ و دابەشکردنی میراتەکانی دەوڵەتی عوسمانیی شکستخواردوو، زیاتر لە ٤٠ قەبارەی سیاسی یا دەوڵەتی نوێی لێ دروست بوو، کە لە نێوانیاندا سوریا، عێراق و تورکیا بەشێک بوون لەو وڵاتە نوێیانە و هرکامەیان پارچەیەکی کوردستانیان بەر کەوت و بەسەریاندا دابەش کرا.

هەر لەو ساڵانەدا، بە نیشانەی ناڕەزایەتی لە کوردستاندا چەند شۆڕشێک سەریان هەڵدا کە بەداخەوە بە بێ پشتیوانی و لە بێدەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا سەرکوت کران و وەڵامی هیچ داخوازییەکیان نەدرایەوە؛ لە باکووری کوردستان شێخ سەعیدی پیران، لە باشووری کوردستان شێخ مەحموودی بەرزنجی، و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سمکۆی شکاک. شۆڕشەکانی ساڵانی ١٩٣٠ و کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ تا شۆڕشی نوێ و سەرکەوتنی باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ دا وەک قەبارەیەکی بەهێزی سیاسی لە چوارچێوەی عێراقدا، و لە ساڵی ٢٠١١ دا لە ڕۆژئاوای کوردستان، وەک دوو دەستکەوتی گەورە بۆ گەلی کورد ئەژمار دەکرێن.

بە دڵنیاییەوە بۆ هەموو وڵاتانی ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەرکەوتووە کە هەتا مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پارێزراو نەبن، ڕەنگی ئارامی بە خۆیەوە نابینێت.

**سەرکەوێت بزافی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان!**

**بژی کوردستان!**

# ٢٥ ساڵ دوای ١١ی سێپتەمبەر



١١ی سێپتەمبەر ئەو ڕۆژەی جیهانی گۆڕی. ڕۆژێک کە کارەساتێکی گەورە لە ئەمریکا ڕوویدا. هێزە توندئاژۆکان لە ١١ی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١دا هێرشیان کردە سەر دوو باڵەخانەی گەورەی بازرگانیی ئەمریکا و ٢٩٩٩ کەسیان لە خەڵکی ئەو وڵاتە کوشت. دوای ڕوودانی ئەو کارەساتە جیهان مۆتەکە لێیدا و تووشی شووک بوو.

ئەوەی کە موسڵمانە توندڕەوەکان هێرشیان کردە سەر ئەمریکا دەبێ ئاماژە بەو وتەی «فۆستێر» بکەم کە دەڵێت؛ ئەمریکا خۆدی ژیانە و هەر کەس هەر چییەکی بوێت دەتوانێ لەو وڵاتە پەیدای بکات، دیارە ئەو هێزە ڕەشبینەی وەک تالیبان و بن لادەن و ... هتد ناتوانن ببینن لە شوێنێک ژیان چڕۆ دەکات. ئەوان دەیانویست بەو هێرشە بە ئەمریکا بڵێن کە هیچ شوێنێک ئارام نییە بۆتان تا ئێمە حاکمی ئەم ناوچانە بین. هەر بۆیە ئەمریکا زۆر زوو هێرشی کردە سەر ئەفغانستان و قاعیدە و تالیبانی لەو وڵاتە دەرکرد، هەرچەند دواتر تالیبان توانی دەست بگرێتەوە بەسەر ئەفغانستاندا، بەڵام تێچووی ئەو هێرشە لەسەر خەڵکی ئەفغانستان زۆر کەوت و بە ئێستاشەوە خەڵکی ئەو وڵاتە لە هەژارییەکی بێوێنەدا دەژین و ژیان لەو وڵاتە مردووە. لە هەمان کاتدا ئەمریکا لە درێژەی ئاڵوگۆڕەکانی لە ناوچەکە لە ساڵی ٢٠٠٣ هێرشی کردە سەر عێراق و ڕژێمی «سەدامی حسێن»یشی لەناو برد. لە درێژەدا ئەمریکا بن لادەنی ڕێبەری ئەلقاعیدەی لە پاکستان کوشت و کۆتایی بە گرووپی ئەلقاعیدە هێنا و ئێستا ئێمە دوای ٢٥ ساڵ هیچ ناوێک لە قاعیدە نابیستین و نەماوە.

ئادۆرنۆ دەڵێت؛ وشەگەلی فەلسەفی شتگەلێکی پڕوپووچن و لە ماڵە کاولەکەی میتافیزیک بەجێ ماونەتەوە، ئەمە نیشان دەدات کە شەڕ لەسەر کابل، نیویۆرک، قودس و تارانە.

لە درێژەدا دەبێ ئاماژە بە وتەیەکی «ئادۆرنۆ» بکەم کە دەڵێت؛ نابێ زۆر لەسەر ڕووداوەکان قسە بکەین و دەبێ سەری ڕێز لە بەرامبەر قوربانییەکانی ئەو ڕووداوانە دابنەوێنین. بەڵام بیرۆکەی ئادۆرنۆ لە بەرامبەر ئەو قوربانیدانەدا نە تەنیا نەیتوانی سەرکەوتوو بێت، تەنانەت خەڵکی ئەمریکا بە پێچەوانەی «ئادۆرنۆ»وە بیریان کردەوە، چونکە کارەساتەکە لەوە گەورەتر بوو کە بتوانێت خۆی لە قۆناغی بێدەنگیدا بهێڵێتەوە و ١١ی سێپتەمبەر بووە هۆی ئەوەی کە شەڕی دەوڵەتان بگۆڕدرێت بۆ شەڕی تیرۆر لەگەڵ ئیسلامی سیاسی وەک بن لادەن، تالیبان و داعش. دوابەدوای ئەو هێرشە شەڕی تیرۆریزم دەستی پێکرد و قۆناغەکە لە شەڕی وڵاتانەوە گۆڕدرا بۆ شەڕی دژ بە تیرۆریزم.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە مەیدانی شەڕی دژ بە تیرۆر و تا ئێستاش شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوامە و دوای هێرشی ١١ی سێپتەمبەر ئیسلامی سیاسی چەند بار هێرشی دیکەی هاوشێوەی ئەوەی ئەمریکای لە جیهان ئەنجام داوە و لە دوایین ڕووداوی لەو شێوەیە لە ٧ی ئۆکتۆبەر حەماس بە دەستووری ڕژێمی ئیسلامیی ئێران و هاوکاریی ئەو وڵاتە هێرشی کردە سەر ئیسرائیل و بە سەدان کەسی بێتاوانیان کوشت و دەیان جنایەتیان لەو وڵاتە ئەنجام دا. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە ناوچەکە جارێکی دیکە تووشی شەڕێکی گەورە وماڵوێرانکەر ببێتەوە و ئیسرائیل زۆر زوو لە کاردانەوە بەو جنایەتە هێرشی کردە سەر غەززە و لە سەدا ٧٠ی غەززە بە گشتی بە حەماسەوە لەناو چوو و هەروەها ئەو وڵاتە هێرشی کردە سەر حزبوڵڵا و ئێران و شەڕێکی ماڵوێرانکەر هەموو ناوچەکەی گرتەوە.

دیارە شەڕی تیرۆر تەواو نەبووە و بە شێوەیەکی دیکە خۆی نیشان دا. وڵاتانی وەک ئێران و ڕووسیا نە تەنیا پشتگیریی ئەو تاقم و گرووپانە دەکەن، بەڵکوو خۆیان بوونەتە بەشێک لەو هێزانە. لە دەستپێکی شەڕی ئیسرائیل و ئێران، ئێران هێرشی کردە سەر هەموو وڵاتانی ناوچەکە.

دوای ئەو هێرشە گەورەیەی بۆ سەر باڵەخانەکانی ئەمریکا، ئەو وڵاتە بەرنامەی درێژخایەن بۆ دەوڵەتەکان دەرێژێت، کەسایەتییەکان دێنێت و دەبات، خۆیان بە باشی دەزانن کە چی دەکەن، ڕۆژانە و هەنگاو بە هەنگاو نەخشەی خۆیان دەبەنە پێشەوە. بەڵام

**دوای ئەو هێرشە گەورەیەی بۆ سەر باڵەخانەکانی ئەمریکا، ئەو وڵاتە بەرنامەی درێژخایەن بۆ دەوڵەتەکان دەرێژێت، کەسایەتییەکان دێنێت و دەبات، خۆیان بە باشی دەزانن کە چی دەکەن، ڕۆژانە و هەنگاو بە هەنگاو نەخشەی خۆیان دەبەنە پێشەوە. بەڵام ئێستا دوای زیاتر لە دوو دەیە کە بەسەر ئەو ڕووداوەدا دەگوزەرێت، ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست حوکم دەکات، شەڕی ئیسرائیل و حەماس، حزبوڵڵا و ئێران و هاتنە ناوەوەی ئەمریکا بۆ شەڕی ئێران و هێرشی ئەو وڵاتە بۆ سەر ڕژێمی ئیسلامی و کوژرانی سەرانی باڵای ئەو وڵاتە نیشان دەدات کە ئەمریکا خەریکە نەخشەی خۆی پیادە دەکات، ڕۆژێک نرخی نەوت دادەبەزێنێت و ڕۆژی دواتر پێچەوانەکەیەتی. ئەمڕۆکە سیاسەتی ئەمریکا خۆی لە قازانجی ئابووریدا دەبینێتەوە و هەموو شت لەو ڕوانگەیەوە سەیر دەکات.**

ئێستا دوای زیاتر لە دوو دەیە کە بەسەر ئەو ڕووداوەدا دەگوزەرێت، ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست حوکم دەکات، شەڕی ئیسرائیل و حەماس، حزبوڵڵا و ئێران و هاتنە ناوەوەی ئەمریکا بۆ شەڕی ئێران و هێرشی ئەو وڵاتە بۆ سەر ڕژێمی ئیسلامی و کوژرانی سەرانی باڵای ئەو وڵاتە نیشان دەدات کە ئەمریکا خەریکە نەخشەی خۆی پیادە دەکات، ڕۆژێک نرخی نەوت دادەبەزێنێت و ڕۆژی دواتر پێچەوانەکەیەتی. ئەمڕۆکە سیاسەتی ئەمریکا خۆی لە قازانجی ئابووریدا دەبینێتەوە و هەموو شت لەو ڕوانگەیەوە سەیر دەکات.

دەتوانین زۆر بە ڕوونی ئەوە بڵێین کە جیهان وەک ڕابردوو نەماوە، دوای ١١ی سێپتەمبەر هیچ شتێک ناچێتەوە شوێنی خۆی، بە دڵنیاییەوە جیهان بە شێوەیەک گۆڕدراوە کە تازە بە هیچ جۆرێک ناچێتەوە شوێنی خۆی. ئەم گۆڕانانە نە تەنیا درێژەیان هەیە بەڵکوو لە زۆر شتدا خۆی بە خێرایی دەبینێتەوە و دۆزیوەتەوە، ئەمڕۆکە جیهانی کۆنترۆڵ و «ژیریی دەستکرد» (هۆشی دەستکرد) ە.

لە کۆتاییدا دەبێ ئاماژە بە وتەکانی ترامپ بکەم کە دەڵێت؛ ئەمریکا هەرگیز ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ لەبیر ناکات و لە درێژەدا وتیشی ئەم وڵاتە دوای ٢٥ ساڵ هێشتا دەرگیری شەڕی تیرۆرە و ئێمە هیچ ڕێگەیەکمان نییە جگە لە درێژەدان بە شەڕی تیرۆر و تەنیا شتێک کە دەتوانێت بوونی هەبێت، سەرکەوتنە. ئێستا زۆر سەخت شەڕ دەکەین. بۆ سەرکەوتن دەجەنگین. هەروەها وتیشی ئێمە شەڕمان لە کاتی سەرۆکایەتیی «جۆرج دەبلیوو بووش» دەست پێکرد و ئەوە شەڕەی بەستەوە بە شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل دژ بە ڕژێمی تاران. ناوبراو لە درێژەشدا وتی ئێمە هەرگیز ڕێگە نادەین تاران دەستی بە چەکی ناوەکی بگات، ڕژێمی ئیسلامیی ئێران گەورەترین پشتیوانی تیرۆریزمە لە جیهاندا و نابێ هەرگیز دەستی بە چەکی ناوەکی بگات.

# هابرماس لە نێوان ئەندێشەدا

یۆرگن هابرماس، فەیلەسووفی ئالمانی لە ساڵی ١٩٢٩ لە شاری دوسلدۆرف چاوی بە ژیان هەڵێناوە و لە بیست ساڵیدا دەستی کردووە بە خوێندنی فەلسەفە و دەروونناسی و هەروەها ئەدەبیاتی ئالمانی لە زانکۆکانی «گۆتینگن، زوریخ و بڵن» تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٥٤ لە زانکۆی «هایدلبێرگ» وەک مامۆستا دەستی بە کار کردووە و لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧١ تا ١٩٨٢ وەک سەرۆکی ئینستیتیوتی ماکس پلانک دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە لەسەر کارتێکردنی زانست و پیشە لەسەر ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگە. لە ساڵی ١٩٨٣ بۆ جارێکی تر چووەتەوە زانکۆی فرانکفۆرت و لەوێ وەک مامۆستا وانەی بە خوێندکاران وتووەتەوە.

یۆرگن هابرماس دوای ڕیسالەی دوکتۆراکەی کە سەبارەت بە فەلسەفەی «شێلینگ» بوو، دەستی دایە نووسینی چەندین وتاری کلتووری، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی و سیاسی و هەروەها چەندین نووسینی تر سەبارەت بە فەیلەسووفەکانی پێش خۆی وەک «یاسپێرس، هایدگەر و بلۆخ»، بەڵام دوای نووسینی ڕیسالەکەی بە ناوی «گۆڕانی بنچینەیی پەرەپێدانی گشتی» بوو کە بەرد و بنچینەی خۆناسینی بە جیهان دەست پێ کرد.

لەمی وتارەدا «هابرماس»، سیاسەت، دروستبوونی بیر و ئەندێشەی گشتی سەبارەت بە یەکەمین ڕێگای دیموکراسیی بورژوازی تا دروستبوونی دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی بە گشتی خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لێکدانەوەی هابرماس لەم بوارەدا پێچەوانەی فەیلەسووفەکانی دیکە بوو؛ ئەو زۆر بە ڕوونی ئەوە نیشان دەدات کە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت بیری گشتی سەبارەت بە دەستبەسەرداگرتنی کۆمەڵگە و مدیریت/بەڕێوەبردنی سیاسی بخرێتە دەست مرۆڤێکی دڕندە و ئەو تاکە هەموو شتە مرۆییەکان بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. «هابرماس» پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و شارۆمەندانی کۆمەڵگە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو باسە لەناو وتارەکەیدا.

بە بڕوای ئەو، لە سەرەتادا پێویستە پەرە بیدرێت بە بازرگانی و بواری ئابووری نەخشی لە هەموو شتەکان زیاتر بێت و هەروەها پەرەی توند دەدات بە بورژوازی و پەیوەندیی هەڵسوکەوت لە نێوان شارۆمەنداندا و دەڵێت بازرگانان چرکە بە چرکە پێویستیان بە ڕاگەیاندن هەیە. ئەم بابەتە، بەشی تایبەتی و تاکەکەسی لەناو دەبات و پەرە دەدات بەو ڕەواڵەتە و لە بەشێکی گەورەتردا خۆ دەنوێنێت.

لە لایەکی دیکەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وڵاتە زلهێزەکانیش هر کام بە شێوەیەک ئەم ناوچەیەیان تووشی کێشە و شەڕ کردووە و هەر ئێستا وڵاتانی «چین، ڕووسیا و ئەمریکا» بە هەموو شێوەیەک دەست لە کاروباری ناوچەکە وەردەدەن و شەڕ بە گشتی بەرۆکی ئەم ناوچەیەی گرتووە و لە ئان و ساتدایە کە شەڕێکی گەورەتر و نەخشەی جوگرافیای ناوچەکە بە گشتی بگۆڕدرێت و وڵاتی نوێ، بەڵام بچووکتر لەم ناوچەیە لەدایک ببێت. لەم ناوچەیە تەنیا کورد کە زیاتر لە ٤٠ ملیۆن کەسە خاوەن دەوڵەتی خۆی نییە و تا ئەم نەتەوەیە نەبێت بە خاوەن دەوڵەت، بە ڕای من ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاسوودەیی بە خۆیەوە نابینێت.

بەو هۆیەوە ڕاگەیاندن لەناو کۆمەڵگەدا، بەهۆی بەربڵاوی و پەرەدان بە بازرگانی و پیشە، دەبێتە ئاکاری گشتی. ئەم بابەتە ڕۆژ بە ڕۆژ پێویستیی بازرگانان بە ڕاگەیاندن زۆرتر دەکات و بەشی تایبەتی لەناو دەبات. هەر بەو هۆیەوە ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەدا بەهۆی گەورەبوونەوەی بازرگانییەوە، دەبێتە شتێکی گشتی. ئەم باسە بەهۆی دەستێوەردانی دەسەڵات لە بواری بازرگانیدا پەرەی پێدەدرێت، چونکە دەسەڵات ناچارە بۆ ڕێک و پێک کردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ئابووری، نە تەنیا هەمیشە بەهۆی باجەوە، بەڵکوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ناچارە یاسای نوێ و پێچەڵپێچتر بدات.

بە بڕوای هابرماس ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەندێشەخوازیی شارۆمەندان و ئەوان دەکات بە بینەرانی کارامە و لێهاتوو؛ دەتوانن سەبارەت بەو یاسا و ڕێسایانەی دەسەڵات کە سەبارەت بە بازرگانیی دەردەکات بیدەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە و ئەگەر پێویست بێت دەتوانن دژایەتیی ئەو یاسایانەش بپەڕێنن/ بکەن. خەڵک هەمیشە چاوەڕوانن کە دەسەڵات شرۆڤەی ئەو کارانەی کە دەیانکات بۆیان بکات، ئەوان لە ڕێگەی عەقڵانییەتەوە مافەکانی خۆیان وەردەگرن؛ ئەمەش بەو مانا دێت کە ئیتر دەسەڵاتەکان ناتوانن دەست بدەنە میلیتاریزەکردنی نەتەوە، ئایین و شارەکان و... بەڵکوو دەسەڵات ناچارە بە قسە و دیالۆگ قسەکانی خۆی بۆ خەڵک ڕوون بکاتەوە و ئەوان تەنیا لەو ڕێگەیەوە دەتوانن مەشروعییەت بدەن بە دەسەڵاتی خۆیان.

یۆرگن هابرماس لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ناتوانین بیشارینەوە، جیهان شاهیدی شەڕ و دڕندەیییە؛ بۆ نموونە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئێستا لە هەموو لایەکەوە ئاگری شەڕ بڵێسە دەستێنێت، بەڵام شەڕ بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ و هەرگیز ئەم بەشە جیا ناکرێتەوە. مرۆڤ زۆر بە جوانی دەتوانێت بەرهەمی ناشرینی شەڕ، وەک کۆمەڵکوژی و... پاک بکاتەوە. خۆدی شەڕ هیچ دیوێکی جوانی تێدا نییە، ئەوانەی هەمیشە بیر لە شەڕ دەکەنەوە، چاوکەیەکی ڕەشیان لە چاودایە و هەموو شت بە ڕەش دەبینن.

مرۆڤ دەبێت بتوانێت بۆ تێگەیشتن لە یەک و بۆ چارەسەریی کێشە کۆمەڵایەتییەکان ڕێز لە ئیرادەی یەک بگرێت، تا بەم جۆرە کێشە سەرەتاییەکان چارەسەر ببن و ژیانێکی هاوبەش و ئاشتییانە لە ناوچەکەدا بوونی هەبێت؛ بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنیا شتێک کە بوونی نییە ڕێزگرتنە لە یەکتر و هیچ وڵات، نەتەوە یا ئایینێک ئەوی دیکەی قبووڵ نییە و ئەمەش وای کردووە کە ناوچەکە تووشی دەیان شەڕ ببێت و ئێمە ڕۆژانە شاهیدی هێرشی نەتەوە یا ئایین بۆ سەر یەکتر بین، کە ئایین لەم ناوچەیە دەستی باڵای هەیە و زۆربەی شەڕەکان ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا دەستی پێ کردووە و دەکات.



تا ئێستا «هابرماس» چەندین خەڵاتی لە بواری زانست و فەلسەفەدا وەک خەڵاتی «هیگڵ، فرۆید» و هەروەها خەڵاتی «ئادۆرنۆ»شی بردۆتەوە. دەنگ و ئاوازەی ناوی بووە هۆی ئەوەی کە چەندین ساڵ لە زانکۆی هارڤاردی ئەمریکا وانە بڵێتەوە؛ زۆربەی بەرهەمەکانی بە زمانی ئینگلیزی، فەرەنسی و تەنانەت چەندین کاری بە زمانی فارسی وەرگێڕدراون و جێپەنجەی بیر و ئەندێشەی ئەو لەسەر نووسینی زۆربەی فەیلەسووف و سیاسییەکان دیارە و لە پەرەسەندندایە. زمانی فەلسەفەی هابرماس، هەر وەک نەریتی/سوننەتی فەیلەسووفەکانی ئالمان پێچەڵپێچە؛ بۆ ئەوەی بتوانرێت زۆر بە جوانی هابرماس بناسین، تا ئێستا چەندین وتار، نامیلکە و کتێب نووسراون، کە دەتوانین ئاماژە بکەین بە «ئاکسێل هۆنێت، توماس مەکارتی»؛ هەروەها گرنگترین کارەکانی «هابرماس» بریتیین لە «ناسین و هۆگر، سیاسەت، هونەر و دین، داهاتووی سروشتی مرۆڤەکان و گۆڕانی ساختاری بەربڵاوی گشتی».

بە بڕوای هابرماس، لە دیموکراسییە بورژوازییەکاندا، ئەو ئەرکە هەمیشە لە لایەن دەسەڵاتی مۆتەکە لێدراوەوە دەدرێت کە دەسەڵاتێکی بۆشە، چونکە سیستەمی سیاسی بەو جۆرەی کە دەبێت، ناتوانێت کۆبوونەوەیەک بێت بۆ پرسە سیاسییەکان، بەڵکوو تەنیا دەبێتە ڕێکخراوێک سەبارەت بە حزبەکان کە سیاسەت وەک شانۆنامەی هەڵبژاردن وێنا دەکەن؛ ئەو شانۆیەی کە گرنگترین ئەرکی ئەوەیە کە خەڵک بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت، ئەو حزبانەی کە بەرنامەی ڕوون و دیاریان نییە و هەمیشە لە ژێر پەردەیەکی ناڕووندان. بەڵام هۆگریی خەڵک بەم حزب یان ئەو حزب، دەمێکە بووەتە هۆی ئیحساسی و زۆرتر بووە بە شتێکی تاکەکەسی تا هەڵبژاردنێک کە لە ڕووی عەقڵانییەتی سیاسییەوە ئەنجام بپەڕێت/ بدرێت. ئەگەرچی «هابرماس» لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەم سیستەمە لەو ڕووەوە دەتوانێت سەرکەوتوو بێت کە دەسەڵات بتوانێت خەڵکی بێت و دۆخی ژیانی خەڵک باشتر بکات ئەگینا زۆر زوو لە مەشروعییەت دەکەوێت.

ئەم شێوازە جێگەی بەشدارییکردنی سیاسی دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر دەسەڵات تەنیا وەک دابینکردن بێتە سەر کار و دەسەڵات بگرێتە دەست، ئەوا ناتوانێت باسە عەقڵانییەکان بخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لەم دۆخەدا قەیرانە ئابوورییەکان و بارودۆخی ناڵەباری دەسەڵات زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت و ئەم بارودۆخە یەخەی حزبە سیاسییەکانیش دەگرێت.

لە ڕاستیدا قەیرانی ئابووری هەمیشە دەبێتە تەنگژە بۆ حزبە سیاسییەکان و هەر وەک ئێستای ڕژێمی ئیسلامیی ئێران کە بەهۆی نەبوونی ئەندێشە و عەقڵانییەتی تەواوەوە خەڵکی تووشی دارمانی ئابووری و بنەماڵەیی کردووە. لە ڕاستیدا ئەو دەسەڵاتەی کە هەمیشە خۆی وەک ناوەندی ئەندێشە زانیوە، ئەگەر بێت و نەتوانێت ئەو قەیرانە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئەوا بوونی دەکەوێتە مەترسییەوە و لەم نێوەندا شارۆمەندان دەرژێنە سەر شەقامەکان و دژ بە حزب و دەسەڵاتەکان ڕادەوەستن. مەترسیی ئەو فەزایە کەس ناتوانێت بڵێت چی بەسەر دێت، بەڵام وەرەی دابەزیوی خەڵک لە سیاسەتدا هەمیشە ئەو مەودایە دروست دەکات کە دیکتاتۆری و تاکخوازی سێبەری نگریسی خۆی بەسەر وڵاتدا بکێشێت.

لە نووسینە سەرەتاییەکانی هابرماسدا، هۆکاری بنەڕەتیی ئەو پرسە لە چوارچێوەی ئابووریدا هەست پێ دەکرێت، بەڵام لە بەرهەمەکانی دواییدا، لێکدانەوەی ئەو لەسەر ئەم پرسە زۆر قووڵتر دەبێت. بە هەموو ئەمانەشەوە تەنیا یەک شت وەک ناوەند لە نێو قسەکانی هابرماسدا دەمێنێتەوە و ئەوەیش قەیرانی ئەمەکداریی شارۆمەندانە سەبارەت بە دەسەڵات کە خۆی وەک قەیران بۆ بەشداریی سیاسیی شارۆمەندان دەڕوێنێت/نیشان دەدات. لەم ڕووەوە مەشروعییەت یا نەبوونی مەشروعییەت، ئەوەیە کە شارۆمەندان ئەو مەشروعییەتە دەدەن بە دەسەڵات.

Dwaroj

ژمارە (١٥١) ساڵی دەیەم، ٢٠٢٦/٠٩/٢٦
dwaroj.net

سەرنووسەر:
محەمەد حەکیمی
هەڵەچن:
سۆران محەمەدی

Dwaroj@komala.com



بۆ خوێندنەوەی دواڕۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت
سەردانی **www.komala.com** بکەن
پەیوەندی **dwaroj.net**

# ڕەزا کەعبی: ناوی ڕێبوار کەریمیان بووەتە هێمای بەرخۆدان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



هاوڕێ ڕەزا کەعبی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی هاوڕێ ڕێبوار کەریمیان، یەکێک لە فەرماندە و ئەندامانی ڕێبەریی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان کە بەدەست دژخیمانی کۆماری ئیسلامی و لە بەرخۆدانێکی قارەمان ئاسا گیانی ئازیزی بەخت کرد گوتی، شێوازی گیانلەدەستدانی فەرماندە ڕێبواری لە تێکهەڵچوونی هێزە پێشمەرگەکان لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، بووەتە هۆی دەنگدانەوەیەکی بەرفراوان لە کوردستان.

هاوڕێ ڕەزا بە ئاماژەدان بە تێکهەڵچوونی شەوی ٢٨ لەسەر ٢٩ی خەرمانان لە ناوچەی مەریوان، ڕوونی کردەوە کە ڕێبوار کەریمیان دوای ئەوەی فەرماندەیی تێکهەڵچوونێکی چەکداری کرد و لە هەمان کاتدا هەوڵی دەدا بارودۆخێکی ئارام و پارێزراو بۆ هاوڕێکانی دابین بکات بەدەست هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە توندی بریندار کرا. بە وتەی هاوڕێ ڕەزا، کاتێک یەکێک لە هاوڕێکانی هەوڵی دا بگەڕێتەوە بۆ یارمەتیدانی، ڕێبوار کەریمیان داوای لێ کرد کە ئەو و هاوڕێکانی دیکە خۆیان ڕزگار بکەن.

سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، ڕێبوار کەریمیانی وەک یەکێک لە کادرە کۆن و ناسراوەکانی کۆمەڵە ناوبرد و گوتی، فەرماندە ڕێبوار لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیە چالاکیی سیاسی و ڕێکخراوەیی، لە چالاکیی نهێنییەوە تا پەیوەستبوون بە ڕیزی پێشمەرگە، بەرپرسیارێتیی جۆراوجۆری لە ئەستۆ گرتووە. هاوڕێ ڕەزا هەروەها ئاماژەی بە ڕۆڵی شەهید ڕێبوار لە ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە، کارکردن لە کۆمیسیۆنی نیزامی و بەرپرسیارێتییەکەی لەو کۆمیسیۆنە کرد.

بە گوتەی کاک ڕەزا ، فەرماندە ڕێبوار لە ماوەی چالاکییە سیاسی و نیزامییەکەیدا بە چەندین تاقیکردنەوە تێپەڕیوە و توانیویەتی شوێنێکی دیاریکراو لە ناو هێزەکانی کۆمەڵە و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان بەدەست بهێنێت. هاوڕێ ڕەزا جەختی کردەوە کە چالاکییەکانی کەریمیان تەنها بە بوارە نیزامییەکەوە سنووردار نەبووە، بەڵکوو خەبات بۆ ئازادی و یەکسانییشی لەخۆ گرتووە.

هاوڕێ ڕەزا لە بەشێکی دیکەی قسەکانی، ئاماژەی بە دەنگدانەوەی فراوانی گیانلەدەستدانی ڕێبوار کەریمیان کرد و وتی کاردانەوەکان لە شارەکانی وەک سنە، سەقز، مەریوان و مەهاباد، هەروەها لە نێوان کوردانی دەرەوەی وڵات، نیشانەی ئەوە بوون کە ئەم ڕووداوە لە چوارچێوەی ڕووداوێکی ناوخۆیی ڕێکخراوەیی تێپەڕیوە. بە وتەی ئەو، بڵاوکردنەوەی دەیان شیعر، نووسین و پەیامی جۆراوجۆر سەبارەت بە ئەم ڕووداوە، بووەتە هۆی فراوانبوونی دەنگدانەوەکەی.

سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان هەروەها ئەم کاردانەوانەی لە بارودۆخێکدا هەڵسەنگاند کە، بە وتەی ئەو، کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی ڕابردوودا فشارەکانی خۆی لەسەر حیزبە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاد کردووە و هەوڵی سنووردارکردنی چالاکییەکانیان داوە.

هاوڕێ ڕەزا هەروەها چالاکیی پێشمەرگەیی بە بەشێک لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان ناوبرد و جەختی کردەوە کە ئەم چالاکییە لەگەڵ خەباتی مەدەنی و سیاسی، بەشێکە لە مێژووی خەباتی



چەندین دەیەی کوردستان.

هاوڕێ ڕەزا گوتیشی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بەهۆی هەڕەشە و فشارەکانی کۆماری ئیسلامی لە چالاکییەکانی خۆی پاشەکشە ناکات و بەردەوامیی خەباتی ئەم ڕێکخراوەی دووپات کردەوە.

هاوڕێ ڕەزا لە کۆتایی قسەکانی، سەرەخۆشیی خۆی بۆ بنەماڵە و نزیکانی ڕێبوار کەریمیان، لەوانە هاوسەر و دایکی ئەو و خەڵکی ناوچەی مەریوان، دەربڕی و گوتی ناوی ڕێبوار کەریمیان لە یادەوەریی بزووتنەوەی کوردستاندا دەمێنێتەوە. ئەو جەختی کردەوە کە کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بەردەوامی بە ڕێگای چالاکییەکانی خۆی دەدات و ڕێبوار کەریمیانی بە هێمای بەرخۆدان و خۆڕاگری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوبرد.

## دواستوون

### ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ هاودەنگیی جەماوەری و بەخشینی ڕەوایی بە خەبات

دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسێکی زیندوە. خەڵک لەو بەشەی کوردستاندا داوای مافەکانی خۆیان دەکەن، بەڵام ڕژێمی ئیسلامیی ئێران لە بەجێگەی ئەوەی گرنگی بە داواکارییەکانیان بدات، تەنیا بە شەڕ و میلیتاریزەکردنی کوردستان وەڵامی ئێمەی کوردی داوەتەوە. بەم هۆیەوە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە ڕۆژهەڵات بە زیندوویی ماوەتەوە و خەڵک بۆ وەرگرتنی مافەکانیان هەمیشە ئامادەی ئامادەبوونی مەیدانین.

لە دوایین ڕاگەیەندراوی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەوەمان بینی کە هەموو کوردستان هاودەنگ لەگەڵ بانگەوازەکەیاندا دەستیان دایە مانگرتن و دووکان و بازاڕ لە ئیلامەوە تا خۆی، سلماس و ماکۆ بە گشتی داخران. ئەم ڕووداوە نیشاندەری ئەوەیە کە شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گەشاوەیە؛ لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، هەر کاتێک حیزبەکان داوایان لە خەڵک کردبێت بۆ مانگرتن یا هاتنە سەر شەقام، جەماوەر بە خێرایی وەڵامیان داوەتەوە و هاتوونەتە مەیدان، کە ئەوەش گەواهی حاشاهەڵنەگری زیندووبوونی بزووتنەوەکەیە.

ئێستا پرسی سەرەکی ئەوەیە کە هەر دەسەڵاتێک بێتە سەر کار لە ئێراندا، سەرەتا دەبێت دان بە مافەکانی نەتەوەکانی دیکە و بە تایبەتی کورددا بنێت؛ چونکە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و لانیکەم هەشت نەتەوەی چالاکی تێدا دەژین کە خەونی سەرەکییان دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس، لە چوارچێوەیەکی سەربەخۆیی، فیدراڵیزم یان هەر مۆدێلێکی دیموکراتیکدایە. هەر ئەم واقیعەش وای کردووە کە ڕژێم هەموو هێزی خۆی بۆ سڕکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکار بێنێت. لە دوایین مانگرتنیشدا، دەزگا ئەمنییەکان کۆمەڵێک لەو دووکانانەی داخرابوون، پلۆمپ کرد؛ بەڵام پرسی کورد بەم ڕێکارە سەرکوتکەرانەیە چارەسەر ناکرێت. ئەگەر لە چوارچێوەیەکی یاسایی و سیاسیی نوێدا ئاوڕ لەم پرسە نەدرێتەوە و تەنیا وەک هەڕەشەیەکی ئەمنی سەیر بکرێت، هیچ قەیرانێک لە ئێراندا چارەسەر نابێت؛ چونکە دۆزی کورد نە کۆن بووە و نە سڕ دەکرێت، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، ئەمڕۆ کورد لە سەنگەری خەباتدا بەهێزتر لە هەمیشە ئامادەیە و داوای مافە ڕەواکانی خۆی دەکات.

لە کۆتاییدا دەبێت جەخت لەوە بکەمەوە کە کورد بە هیچ شێوەیەک نابێت لە داهاتووی ئێراندا ناچار بکرێت لە نێوان ناسنامەی نەتەوەیی خۆی و هاووڵاتیبووندا یەکێکیان هەڵبژێرێت، بەڵکوو دەبێت ڕێگەی پێ بدرێت بە ئیرادەی خۆی چارەنووسی دیاری بکات. لەم سۆنگەیەوە، پێویستە دەسەڵاتی داهاتوو بە ڕوانگەیەکی نوێوە بڕوانێتە پرسی کورد و لە بەجێگەی سەپاندنی شەڕ و ماڵوێرانی، ڕێگە بدات خەڵکی کوردستان خۆیان بڕیار لەسەر ئایندەی خۆیان بدەن.